# ڕۆمانی مێردمنداڵانی کورد
# توێژینەوەیەکی (مێژوویی - پەسنی - پراکتیکی)یە

**هونەر احمد عبدالله [١]، سافیە محەمەد ئەحمەد [٢]**

[١] بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی ڕاپەڕین ، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ڕۆمان لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تاوەکو ئەم قۆناغە ئەدەبییەی ئێستاش وەک ژانرێکی بەرزی ئەدەبی مانەوەی خۆی پاراستووە، بەڵام لە ڕەوتی گەشەکردنیدا گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانەش هەم لایەنی تەکنیک و شێوازی نوسینی دەگرێتەوە، هەم لایەنی ناوەڕۆک و ئەو بابەتانەی هەڵیگرتووە؛ هەربۆیە جۆر و شێوازەکانی ڕۆمان بەپێی سەردەمەکان کەم تا زۆر ئەم گۆڕانە دەیانگرێتەوە؛ بۆیە دەبینین کە ڕۆمانی مێردمنداڵان وەکو ژانرێکی ئەدەبی منداڵان، بەرهەمی فراوانی بواری ئەم ژانرە و گەشەکردنەکەیەتی. ئەو ڕۆمانانەی کە بۆ مێردمنداڵان دەنووسرێن، بنەما و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، دەبێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغەی تەمەنی مێردمنداڵ کۆکبێت، چونکە ئاراستەی مێردمنداڵان دەکرێت، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بابەت و بیرۆکەی سەرنجڕاکێش کاریگەری پەروەردەییان لەسەر دروستدەکات و چێژ و خۆشییان پێ دەبەخشێت. ئەو شێوەزمانەی تیایدا بەکاردێت دەبێتە هۆی فراوانکردنی خەیاڵ و گەشەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، زۆرجاریش ڕوداو و کارەکتەر گەلێک لەخۆ دەگرن، کە مێردمنداڵان بەها ئەرێنییەکانی لێوە فێردەبن، تیشک دەخاتەسەر ئەو پرسانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی و ئاستی تێگەیشتنی مێردمنداڵان دەگونجێت. نوسینی هەر بابەتێکی ئەدەبی ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراوی لەپشتەوەیە، ڕۆمانیش وەکو یەکێک لە ژانرە گرنگەکانی ئەدەبی منداڵان چەندین پەیامی جیاوازی پەروەردەیی و ئاکاری و بەهای بەرزی دەرونی و کۆمەڵایەتی ...هتد گرتووەتە خۆی، کە ڕۆماننوس دەیەوێت بە مێردمنداڵانیان بگەیەنێت و لەڕێگەی ئەم پەیامانەوە مێردمنداڵان ئاراستە بکات بەرەو داهاتویەکی باشتر و گەشاوەتر، چونکە ئەم ژانرە کاریگەری لەسەر مێردمنداڵان زۆرە و دەتوانێت گۆڕانکاری ڕیشەییان تێدا دروست بکات و ڕێڕەوی ژیانیان بگۆڕیت بەرەو ئاراستەیەکی ئەرێنی و داهاتویەکی باشتر .

**وشە سەرەکییەکان:** ئەدەبی منداڵان، ڕۆمان، مێردمنداڵ، پەروەردە، تەکنیک.

## پێشەکی [1]

ڕۆمانی مێردمنداڵان ژانرێکی گرنگ و دیار و تایبەتی ئەدەبی منداڵانە، کۆمەڵێک بایەخ و تایبەتمەندی جیاکراوەی خۆی لەگەڵ ژانرەکانی تردا هەیە ، بەڵام ئەم ژانرە لە ئەدەبی منداڵانی کورددا تائێستا هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی شایستە و تەواوی سەربەخۆی لە بارەوە ئەنجام نەدراوە، ئەوەی هەیە لا بە لا بەشێوەیەکی سەرپێی و کورت لەهەندێک سایت و کتێب و گۆڤار و سەرچاوە باسی لێوەکراوە؛ بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە یەکەم هەوڵ دادەنرێت لەم بوارەدا، ئێمە هەوڵمانداوە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە بناغە و مێژویەکی دروست بۆ سەرەتا و دەسپێکی ئەم ژانرە دیاربکەین و تیشک بخەینە سەر تایبەتمەندییەکانی.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:** هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی کەلێنێکی گەورەی توێژینەوە لە ژانرێکی دیاری ئەدەبی منداڵان، چونکە ڕۆمانی مێردمنداڵان لەناو ڕەخنەی ئەدەبی منداڵانی کورددا، وەک پێویست توێژەران گرنگییان پێ نەداوە و خزمەتی شایان بەخۆی نەکراوە.

### گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:

گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە لەوە دایە:

١- دیاریکردنی و چەسپاندنی بناغەیەکی مێژویی دروست وەك دەستپێکی ڕۆمانی مێردمنداڵانی کورد.

٢- خستنەڕوی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لەم ژانرەدا بوونی هەیە, لە ڕوی بنیات و تەکنیکەوە.

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ٢ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٥ کانوونی دووەم ٢٠٢٥؛ پەسەندکردن: ١٨ ئازار ٢٠٢٥
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٣٠ حوزەیران ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: hunar.ahmad@uor.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ هونەر احمد عبدالله، سافیە محەمەد ئەحمەد گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp13-24

**میتۆدی توێژینەوەکە:**لە نوسینی توێژینەوەکەدا سودمان لە میتۆدی( مێژوویی - وەسفی شیکاری ) بینیوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە سەرجەم ئەو ڕۆمانانەی، کە لەلایەن نوسەرانی کورد بۆ ئەم قۆناغەی تەمەن نوسراون، کە ژمارەیان ( ٢٢ ) ڕۆمانە وەک کەرەستەی ئەدەبی هەڵبژاردووە.

## ١. مێژوی ڕۆمانی مێردمنداڵانی کورد

ڕۆمانی مێردمنداڵان یەکێکە لە ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان، ئەو ڕۆمانەیە کە بۆ ساڵانی مێردمنداڵی نوسراوە، زمانەکەی لە زمانی مێردمنداڵانەوە نزیکە و لە بابەت و ناوەڕۆکەکەی تێدەگەن، قبوڵکراوە و مەبەستی نوسەر ڕونە، هەروەها کارەکتەرەکانی گەنجن یان زۆربەی کارەکتەرەکانی مێردمنداڵن (صرفی: ١٣٩٠).

ڕۆمانی مێردمنداڵان سەرەتا لە وڵاتانی ئەوروپا دەرکەوتووە، یەکەمین بەرهەمێک لەم بوارەدا، کە لەسەری نوسرابێت ڕۆمانی ( اللورد الصغیر فونتلروي، Little Lord Fauntleroy ) یە، کە لەلایەن نوسەرێکی ژن بەناوی ( فرانسیس هودسون برنێت ) لەساڵی ١٨٨٦ بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە.

ئەم ژانرە لەناو کورد دا ئەزموونێکی تازەیە و نوسەران لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیست بە دواوە کەم تا زۆرێک سەرنجیان خستووەتەسەر و قسەیان لەبارەیەوە کردووە، ئەم پرۆسە تازەیەش بە چاوخشاندنێک بە ئەزمونی نوسەرانی بیانی دەستی پێکردووە، بەڵام لە درێژەی ڕێگاکەدا تارادەیەک ڕێگەی خۆی لە ئەزمونی ئەوان جیاکردووەتەوە و تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە. سەبارەت بە یەکەمین هەوڵێک لە ئەدەبی کوردی دا بۆ نوسینی ڕۆمانی مێردمنداڵان ڕای جیاواز هەیە، لەخوارەوە ئاماژە بەهەندێک لەو ڕاو بۆچوونانە دەکەین، بۆنمونە:

نوسەر و توێژەری بواری ئەدەبی منداڵان ( عەلی حەمە ڕەشید ) لەوتارێکیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە (( ڕۆمان وەک ئەوەی کە مەرجەکانی ڕۆمانی لەخۆ گرتبێت، وەکو پێویست نیانە. با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ڕۆمانی (گورگ و بزن) و (بۆرە)ی عەزیزی مەلای ڕەش، کە یەکەم کەسە ئاوڕی لەو ژانرە داوەتەوە، بەڵام کە دەیخوێنیتەوە باڵی فۆلکلۆر تێیدا زاڵترە وەک لە خەیاڵ، کە ئەو کار و دەستپێشخەرییە جێگەی دەستخۆشییە )) (حەمە ڕشید:٢٠٢٣).

نوسەر و توێژەر ڕۆستەم خامۆش لە چاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ ئەمین محەمەدی نوسەری بواری ئەدەبی منداڵان ئەنجامی داوە، ئەمین محمد سەبارەت بە یەکەمین هەوڵەکان بۆ نوسینی ڕۆمانی مێردمنداڵانی کورد دەڵێت:(( لەمێژبوو هەستم بە کەمتەرخەمی لەو بوارەدا کردبوو، چونکە زۆرکەم دەستی بۆ برابوو، واتا پانتاییەکی تەواو پەراوێز خراوبوو، لەلایەن نوسەرانی پێشتر، تەنیا چەند نمونەیەکیان هەبوو ئەویش لەم دواییانەدا بەدیاریکراوی دوای ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو، بە ڕۆمانەکانی مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش دەستپێدەکات و چەند نمونەی دوای ئەوانیش هەنە )) (خامۆش،٢٠٢٤: ٣).

(لەتیف هەڵمەت)ی شاعیر و نوسەر لەو پێشەکییەی کە لە ٢٠١٣/٤/١٦ بۆ دیوانە شیعری منداڵان(ڕەنگەکانی ژیان)ی سۆران نەدار نوسیویەتی تیایدا سۆران نەدار بە یەکەمین ڕۆماننوسی خۆماڵی بۆ منداڵان ناو دەبات، ئەوە دەخاتەڕو کە ((سۆران نەدار نوسەری یەکەمین ڕۆمانی خۆماڵییە بۆ منداڵان ئەویش ڕۆمانێکە بە ناونیشانی (دیاری و شەپۆل) ساڵی (٢٠١٠)چاپی کردووە. هەروەها لەساڵی (٢٠١١) ڕۆمانێکی دیکەی بە ناونیشانی (نان و ژیان)چاپکردووە بۆ منداڵان و دواتریش لەهەمان ساڵدا ڕۆمانی سێیەمی بەناونیشانی (خەون)چاپکردووە. پیرۆزبایی لەسۆران نەدار دەکەم لە دەستپێکییەکەیدا بۆ نوسینی یەکەمین ڕۆمان بەزمانی سلێمانی بۆ منداڵانی کورد [١*])) (نەدار، ٢٠١٣ : ٤).

ئەمین محەمەد نوسەری بواری منداڵان لە نوسینێکدا دەربارەی ڕۆمانی( ئەفسانەی کەڵی ناوگردان)ی خاتو گەلاوێژ ساڵح فەتاح، ئەوە دەخاتەڕو کە (( خاتو گەلاوێژ بەم ڕۆمانەی دەبێتە یەکەمین ژن کە ڕۆمانی بۆ مێرمنداڵانی کورد نوسیوە )) (محەمەد: ٢٠٢٤).

نوسەر و لێکۆڵەر ڕەزا شوان لە نوسینێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: (( پەیام ئیبراهیم یەکەم ژنی کوردە کە ڕۆمان بۆ منداڵانی کورد بنوسێت. بەمەش ناوی چووە مێژوی سەرهەڵدانی ڕۆمانی منداڵانی کورد و تا هەتایە شانازی و شکۆداری و نەمری بۆ خۆی تۆمارکرد [٢*] )) (شوان، ٢٠٢٣: ٢).

لەم توێژینەوەیەدا ئێمە هەوڵمانداوە هەموو ئەو بەرهەمانەی، کە لەلایەن نوسەرانی کوردەوە لەم بوارەدا نوسراون، لە سەرەتای نوسینی یەکەمین ڕۆمانەوە تاکو ئێستا بەدەستیان بخەین، کە هەریەکەیان سیما و خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان هەیە و بەپێی ناسنامەی ژانریەتی بەرهەمەکان کە نوسەرانیان لەسەر بەرگەکانیان نوسیویانە ڕۆمان بۆ منداڵان و مێردمنداڵان یان نەوجەوانان و تازەلاوان، لەم ڕێگەیەوە و بەپێی ساڵی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان، بەشێوەیەکی زنجیرەبەندی گەنگەشەیان دەکەین و لەم خشتەیەی خوارەوە دەیان خەینەڕو، لەم ڕێگەیەوە بناغەیەکی دروست بۆ مێژوی ڕۆمانی مێردمنداڵانی کورد دیاریدەکەین.

دوای وردبوونەوە و تێڕامانمان، لەسەر بنەمایەکی زانستی دەکرێ بە پێی ڕیزبەندی مێژوی، ڕۆمانی مێردمنداڵانی کورد، لەم خشتەیەدا بخەینەڕو.

| ژ. | ناوی ڕۆمان | ناوی نوسەر | ڕیزبەندی بەپێی ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ١ | گورگ و بزن | عەزیزی مەلای ڕەش | ١٩٨٩ |
| ٢ | بۆرە | عەزیزی مەلای ڕەش | ١٩٩١ |
| ٣ | دەریای منداڵ [٣*] | ڕۆستەم باجەلان | ٢٠٠٤ |
| 4 | ئەفسانەی کەڵی ناوگردان [٤*] | گەلاوێژ ساڵح فەتاح | ٢٠٠٦ |
| 5 | دیاری و شەپۆل | سۆران نەدار | ٢٠١٠ |
| 6 | خەون ، نان و ژیان | سۆران نەدار | ٢٠١١ |
| ٧ | ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش | کاروان عومەر کاکەسوور | ٢٠١٥ |
| ٨ | بەرنامەکەی شەمێران [٥*] | فەوزیە صالح مەنمی | ٢٠١٦ |
| ٩ | کاروانی ڕۆژنامەوان | بەرهەم علی | ٢٠٢٠ |
| ١٠ | کچی دورگە بچکۆلەکە | ئەمین محەمەد | ٢٠٢٢ |
| ١١ | ملوانکەی ئەفسوناوی | ئەمین محەمەد | ٢٠٢٣ |
| ١٢ | نازیلێی مانگ و شازادەی خۆر | پەیام ئیبراهیم | ٢٠٢٣ |
| ١٣ | جانتاکەی ئارۆ [٦*] | عوسمان دەروێش | ٢٠٢٣ |
| ١٤ | نهێنی ئەشکەوتی کۆنەبا، خودناسی | فەوزیە صالح مەنمی | ٢٠٢٣ |
| ١٥ | کۆلارەکانی سپی سەنگ | سەلاح نیساری | ٢٠٢٣ |
| ١٦ | زێبرایەک لە دارستانەکانی سویددا | ئاکۆ محمد سابیر | ٢٠٢٣ |
| ١٧ | دیوانەی دارستان | ئاکۆ محمد سابیر | ٢٠٢٤ |
| ١٨ | من کازیوەم سپیدە نیم [٧*] | جەبار شافعی زادە | ٢٠٢٤ |
| ١٩ | قوتابخانەکەی گوڵخەندان، مێژوو ڕۆبنێنەوە [٨*] | فەوزیە صالح مەنمی (بڵاونەکراوە ) | ٢٠٢٤ |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp13-24

## ٢. تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی مێردمنداڵان ( توخم، تەکنیک )

ڕۆمانی مێردمنداڵان بەپێی کۆمەڵێک پێویستی و مەرج و بنەما و پرەنسیپ دەنوسرێت، کە لەگەڵ قۆناغی تەمەنی مێردمنداڵدا بگونجێت و گوزارشت لە هیواو خەون و خواستەکانیان بکات. ئەم ژانرە خاوەن ڕوخسارێکی هونەری و ناوەڕۆکێکی تایبەت بەخۆیەتی، لێرەدا بەوردی باسیان دەکەین.

### ١.٢ توخم و تەکنیک لە ڕۆمانی مێردمنداڵان

**توخمەکانی ڕۆمانی مێردمنداڵان:**

**یەکەم/ زمان :** زمان هۆکارێکی گەیاندن و تێگەیشتنە سەرچاوەی هاتنەکایەی ئەدەب و دروستبوونیەتی، زمان لە ژانری ڕۆماندا هۆکارێکی گرنگی نوسەرە بۆ گەیاندنی پەیامی هزری و فەلسەفی، زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن نییە،بەڵکو توخمێکی جوانیناسییە خۆی لە ڕێکخستن و چنینی وشەی جوان و پێکهاتەی زمانەوانی دەبینێتەوە، بەشێوەیەک کە ئەوشتەی وەسفی دەکات لە دۆخێکی ئاساییەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی هونەری بەرز (( زمانی گێڕانەوە دەروازەیەکی هونەرییە و لەڕێیەوە ڕۆماننوس دەتوانێت بەشێوازێکی جیاواز و جۆراوجۆر جیهانی ڕۆمانەکە پێشکەش بە خوێنەرانی بکات)) (مەجید و مەجید، ٢٠١٧ : ٢٠).

زمان بنەمایەکی زۆر گرنگی ڕۆمانە، کە ڕۆمانی لەسەر بونیاد دەنرێت، یەکێک لە هۆیەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو، بریتییە لە شێوازی دارشتنی زمانەکەی، ڕۆماننوس بە سودبینین لە زمان دەتوانێت پەیامی ناو ڕۆمانەکەی بەشێوازێکی باشتر بگەیەنێت بە خوێنەر،(( زمان و شێواز بەگرنگترین توخمی ئەدەبی دادەنرێت، کە جەوهەری ڕۆمانەکە پێکدەهێنن و شوناسە هونەری و جوانیناسییەکەی پێدەبەخشن. ئەوان بە پردێک لەنێوان نوسەری ڕۆمانەکە و خوێنەرەکەی دادەنرێن، بەو پێیەی زمان و شێوازی نوسینی هەڵبژێردراو هەڵگری ئەو جێپەنجە ناوازەیەن، کە بەرهەمی ئەدەبی جیادەکاتەوە )) (مستەفا،٢٠٢٤ : ٤٤). کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە(( گێڕانەوە بریتییە لە مامەڵەکردنی ڕۆماننوس لەگەڵ زماندا )) (فەتاح، ٢٠٢٢ : ٢٦).

ڕۆماننوس لە نوسینی ڕۆمانی مێردمنداڵاندا پێویستە زمانێکی ڕون و بێ گرێ و گۆڵ بەکار بهێنێت، ڕەچاوی فەرهەنگی زمانیان بکات و ئەو وشە و دەستەواژانەی هەڵیان دەبژێرێت ئاڵۆزنەبن دوربن لە تەمومژی واتایی، مێردمنداڵ لە ناوەڕۆکەکەیان تێ بگات، چونکە ئەگەر زمانی نوسینی دەقەکە ڕون نەبێت، ناتوانێ بەئاسانی لێیان تێبگات، ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاربوونی و وادەکات لەخوێندنەوەی دەقەکە دوربکەوێتەوە. لەکاتێکدا واپێویستە لەخوێندنەوەی دەقەکە خودی خۆی لە نوسینەکە تێ بگات و لێیەوە فێربێت و ببێتەهۆی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمانی؛ بۆیە زۆرگرنگە ئەو زمانەی ڕۆماننوس دەقەکەی پێ دەنوسێت، لەگەڵ ژینگە و جیهان و هزر و فەرهەنگی زمانی مێردمنداڵان بگونجێت و نزیکبێت لێیانەوە.

ئەو ڕۆمانانەی لەلایەن نوسەرانی کورد بۆ مێردمنداڵان نوسراون، هەندێکیان بە زمانێکی ڕون نوسراون، وەکو ڕۆمانی (دەریای منداڵ)ی (ڕۆستەم باجەلان) و هەرسێ ڕۆمانەکەی (سۆران نەدار) بەناوەکانی (دیاری و شەپۆل، خەون، نان و ژیان)، چەند ڕۆمانێکی تر.

بەشێکی تر لەڕۆمانەکان زمانی نوسینیان مام ناوەندە، نەهێندە ڕونە، نەهێندەش ئاڵۆزە کە لێی تێنەگەن، بۆ ئەم قۆناغەی تەمەنی مێردمنداڵان زۆر گونجاون، دەتوانن تێگەیشتنیان بۆیان هەبێت و پەی بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ناویان بەرن، وەکو (ئەفسانەی کەلی ناوگردان)ی گەلاوێژخان، هەر دو ڕۆمانی(کچی دورگە بچکۆلەکە و ملوانکەی ئەفسوناوی) ئەمین محەمەد، هەروەها ڕۆمانی (زێرابەک لە دارستانەکانی سویدا)ی ئاکۆ محەمەد سابیر، چەند ڕۆمانێکی تر.

لەناو ئەو (٢٢) ڕۆمانەی کە لەلایەن نوسەرانی کورد نوسراون و پێشتر ئاماژەمان پێکردون و لەبەر دەستمان دان، تەنها چەند ڕۆمانێک بەزمانێکی کەمێک ئاڵۆزتر لەوانی تر نوسراون و تێگەیشتن لێ یان کەمێک تێرامانی زیاتری دەوێت، ئەویش هەریەک لە ڕۆمانی( ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش )ی کاروان عومەر کاکەسوور، هەروەها ڕۆمانی(من کازیوەم سپیدەنیم) لەنوسینی جەبار شافعی زادە، لەگەڵ دوو ڕۆمانی خاتوو(فەوزیە صالح مەهی)ن، بەناوەکانی (خودناسی و نهێنی ئەشکەوتی کونەبا).

ئەگەر ئاماژە بە ڕۆمانی (کۆلارەکانی سپی سەنگ)ی مامۆستا سەلاح نیساری بکەین، دەبینین ڕۆماننوس بەشێوەیەکی گشتی زمانێکی دور لە ئاڵۆزی بەکارهێناوە، بە شێوەیەکی جوانی ئەدەبی و پەروەردەیی پەیامەکانی گەیاندووە، بۆ نمونە کاتێک ڕۆمانوس لە شوێنێکدا ئاماژە بە دەربڕینێکی کاک ڕەشید دەکات، لە سەر زاری سامانی کوڕی، کاتێک سامان بە باوکی دەڵێت: کە خۆی ماندو نەکات لە کارکردندا، لە وەڵامدا کاک ڕەشیدی باوکی دەڵێت: ((سامان گیان، ئەگەر کارنەکەم نەخۆشم، عادەتم بەکار گرتووە، کار جەوهەری مرۆڤە، کارکردن دەرمانی هەموو دەردێکە، ئینسان بەکارکردنەوە جوانە، ئەوە کار و هونەرە ئینسان لە ئاژەڵان جیا دەکاتەوە، مرۆڤ ئەگەر لەسەر زەوی کار نەکات، نان خۆر و جێگرە، ئینسان دەبێ کار بکات، بیربکاتەوە، تەرەقی بکات، چارەسەری دەرد و گرفتەکان بکات)) (نیساری،٢٠٢٣ : ٥٩).

ئەگەر نمونەیەک لە ڕۆمانی (من کازیوەم سپیدەنیم) وەربگرین، کە ڕۆمانێکی دوزمانەی (کوردی – فارسی)یە، دەبینین زمانی نوسینی بۆ ئەم قۆناغەی تەمەن تارادەیەک **زمانێکی ئاڵۆزە**، چونکە ڕەنگە هەموو مێردمنداڵێک بە ئاسانی نەتوانێت توانای تێگەیشتنی هەردو زمانی کوردی و فارسی هەبێت لەیەک کاتدا؛ بۆیە دەبێت پەنابەرێتە بەر ئەو پەراوێزانەی، کە لە ڕۆمانەکەدا بۆ ڕونکردنەوەی دەربڕینەکان بوونیان هەیە. بۆ نمونە کاتێک مامۆستا دێتە ناو پۆلەکە و چەند وێنەیەک بە تەختە وایتبۆردەکەوە هەڵدەواسێ و داوا لە خوێندکارەکان دەکات پێکەوە لەڕێگەی وێنە هەڵواسراوەکانەوە هەر خوێندکارێک بۆ هەر وێنەیەک، کە حەزیان لێیە چیرۆکێک ئامادە بکەن، دوای ئەوەی چیرۆکەکەی ساناز تەواوبوو، مامۆستا بانگی سپیدە دەکات و دەکەونە گفتوگۆ مامۆستا ڕوو دەکاتە سپیدە و دەڵێت: (( + بگو ببینم سپیده! می خواهی داستان کدام تصویر را بگویی؟ - من نمی دانم خانم. + یعنی چی بلد نیستم؟ حتی دارم تو هم می تونی داستان خیلی قشنگی را برای ما تعریف کنی. – نمی دانم خانم. گریام مامۆستا هاتە لام. + چی شده سپیده چرا داری گریه می کنی؟. – دوای کەمێک بێدەنگی هاتمە قسە: خانم معلم ناتوانم کلمه فارسی بگویم. + مشکلی نیست سپیده جون، هر کلمه‌ای را که بلد نبودی بەات می گم که بتونی داستانت رو تعریف کنی. – مامۆستا دەستی نایە سەر شانم. ڕۆیشت و ڕوو بەرەو منداڵەکانی نێو پۆلەکە ڕاوەستا )) (شافعی زادە، ٢٠٢٤: ٤٤-٤٥). بەم شێوەیە دەبینین زمانی نوسینی ئەم ڕۆمانە تارادەیەک ئاڵۆزە بۆ ئەم قۆناغەی تەمەنی مێردمنداڵان، چونکە هەموو مێردمنداڵێک بە ئاسانی توانای تێگەیشتنێکی ڕونی بۆ ئەم دەقانە نییە.

**دووەم / ڕوداو :** بوونی توخمی ڕوداو لە دەقێکی ئەدەبیدا دەبێتە هۆی هێنانە ناوەوەی تەکنیک و توخمەکانی تری وەک (کارەکتەر، گفتوگۆ، کات و شوێن...هتد)بەمەش مەودای دەق ئەدەبی فراوانتر و سەرنجڕاکێشتر دەبێت. هەندێک بەرهەمی ئەدەبی هەیە بەبێ بوونی ئەم توخمە پێکنایەت لەوانە (داستان، چیرۆک، ڕۆمان..هتد). کەواتە ڕوداو ئەو هێزەیە گیان بەبەر دەق ئەدەبی و هونەریدا دەکات و هەمیشە بە زیندویی دەیهێڵێتەوە و جوڵەیەکی بەردەوامی پێدەبەخشێت، ڕوداو زنجیرەیەک گۆڕانە، کە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی دیکە هەنگاو دەنێن، تا لە کۆتاییدا دەگەنە ترۆپک و گۆڕانی کۆتایی بە ئەنجام دەگات (علی،٢٠٢٣ : ٤٠-٤١). وەکو ڕونە((هەرچەندە ڕوداو سەرەکی بێت یاخود لاوەکی گێڕەرەوە دەیان گێڕێتەوە و زیندوی بەدەقەکە دەبەخشن، کەرۆڵی هەریەکێکیان لە نێو ڕۆماندا گرنگە لە بەرەوپێش چوونی ڕوداوەکان)) (صالح، ٢٠٢٢ : ٦٢).

پێویستە لە ڕۆمانی منداڵاندا بەشێوەیەکی گشتی ڕۆماننوس بەوریاییەوە ڕوداوەکان هەڵبژێرێت، نابێ هەموو بابەتێک بکرێتە ڕوداو، پێویستە ڕوداوەکان بە شێوەیەکی گونجاو پێشکەش بکات، ژمارەی ڕوداوەکان زۆرنەبێت بۆ ئەوەی منداڵ سەری لێ نەشێوێت و توشی جۆرێک لە پەرتەوازەیی نەبێت، وا باشترە ڕۆماننوس لەسەر بابەتێک هەڵوەستە بکات و ڕەوتی ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بەرەوپێشەوە بەرێت. ڕۆمانەکە بە شێوازێک بنوسرێت کار لە بیروخەیاڵی بکات، ڕوداوەکانی ناوی ببێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری باش لەسەری و بە هۆشی بێنێتەوە و ئاراستەی بکات.

هەموو ڕۆمانێک بەدەوری بیرۆکەی بابەتێکدا دەسوڕێتەوە، نوسەر بەمەبەستی دەرخستنی ئامانجێک بیرۆکەی بابەتەکان دەخاتەڕو، بابەت لە ڕۆمانی منداڵاندا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە((بە بڕبڕەی پشت دادەنرێت، لەبەر ئەوە پێویستە لەکاتی دانانی بابەتی هەر چیرۆکێک و ڕوداوەکانی بابەتی بوونی لەبەرچاو بگیرێت لە ئاراستەکردن و ئامانجی پەروەردەیی بۆ منداڵ، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ناوەرۆکی هەر چیرۆکێک بنەمای بوونی ڕاستگۆیی بەتەواوی پیادەکرابێت، بە شێوەیەک کاتێک، کە منداڵ دەیخوێنێتەوە یان گوێی لێدەبێت کاریگەریی لەسەر دروست بکات)) (حسین،٢٠٢٣ : ٢٦). لەڕۆمانی منداڵاندا هەڵبژاردنی بیرۆکەکەش پێویستە لەگەڵ تایبەتمەندییە دەرونی و جەستەییەکانی منداڵ بگونجێت و خزمەت بەم قۆناغەی تەمەنی منداڵ بکات.

ڕوداو لە ڕۆمانەکانی خاتو( فەوزیە صالح مەنمی ) بەشێکیان لە ڕوداوی واقیعی وەرگیراون، **بۆ نمونە** لە ڕۆمانی ( بەرنامەکەی شەمێران ) ڕوداوی ڕۆمانەکە باس لە کۆڕەوەکە دەکات و سەربردەی ئەم ڕۆمانە لە نێو کۆڕەوە گەورەکەدا ڕودەدات، کارەکتەری سەرەکی شەمێرانە منداڵێکی تەنیای دوای کارەساتی هەڵەبجەیە، لە ڕێگادا لەگەڵ دو منداڵی تر دەبن بە هاوڕێی یەکتری، یەکێک لە منداڵەکان باوکی ئەنفالکراوە و لەڕێی کۆڕەوەکەشدا دایکی لەدەستداوە، ئەوی تریان لەلای نەنکی بووە بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکی. ئەو شەوەی خەڵکەکە شار بەجێ دەهێڵن، نەنکی دەیداتە دەست یەکێک لە دراوسێکانیان، بەڵام لە یەکێک لەشەوە سەخت و تاریکەکانی کۆڕەودا لەوان دادەبڕێت و ون دەبێت. دوای کۆڕەوەکە، کە دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی شەوانە لەگۆشەی دوکانەکانی ناوبازاڕدا دەخەون، شەوێکیان چەند دزێک دەیانەوێت یەکێک لە دوکانەکان ببڕن، بەهۆی ئەمەوە ئەوان دەکەونە ناو مەترسیەوە، ئومێد نەخۆش دەبێت، ئەوانیتر لە ترسان بارودۆخیان تێک دەچێت، پۆلیس و پیاوانی یاسا بەمەدەزانن، دەیانبەنە نەخۆشخانە، لەوێ بە هاوکاری یەکێک لە پزیشکەکان دەیان نێرنە خانەی بێنەوایان، شەمێران لەو شوێنەدا بەرنامەیەکی جوان بۆ( ڕۆژێک و دوانزەمانگ ) دەنوسێت بۆ هەموو منداڵانی خانەکە، کە دەتوانن لەڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە هەڵسوکەوتیان باشتر بکەن و ئامانجیان هەبێ بۆ داهاتوویان.(مەنمی: ٢٠٢٣).

**لەم نمونەیەی سەرەوەدا** دەبینین ڕوداوی سەرەکی ئەم ڕۆمانە، ڕوداوێکی واقیعییە، کە بریتییە لە کۆڕەوەکە. دواتر دانانی بەرنامەیەک لە لایەن شەمێرانەوە بۆ منداڵانی خانەی بێنەوایان، بەڵام ڕۆماننوس چەند ڕوداوێکی تری لەدەوری ڕوداوە سەرەکیەکەدا خستۆتەڕو، بۆ نمونە شەمێران لە کارەساتی کیمیابارانەکەدا دەکەوێتە لای خێزانێکی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها ڕوداوی دزیکردنەکەی ناوبازاڕ و نەخۆش کەوتنی ئومێد و ئەوانی تر. دەبینین نوسەر ڕوداوەکانی یەک بەدوای یەک خستۆتەڕو، هەموویان پێکەوە ڕەوتی ڕوداوەکان بەرەوپێشەوە دەبەن و دەبنە تەواوکەری یەکتری.

**سێیەم/ کارەکتەر:** یەکێک لە توخمە سەرەکیەکانی ڕۆمان بریتییە لە کارەکتەر، لەڕێگەی کارەکتەرەوە ڕۆماننوس پەیامەکانی خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێت ((هەرچی لەنێو دەقی ڕۆماندا ڕودەدات، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کارەکتەرەوە هەیە، بایەخی کارەکتەر لەوەدایە، کە ڕۆماننوس لەنێو هەموو توخمەکانی ڕۆماندا، زمان، وەک ئامرازی گرنگی دەربڕین، تەنیا بەم توخمە دەبەخشێت و لەڕێگەیەوە، هزرەکانی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە)) (عارف، ٢٠٢٣ : ١). بەبێ کارەکتەر ڕۆماننوس ناتوانێت پەیامەکە و بیرۆکەکەی بگەیەنێت لەبەرئەوەی (( کارەکتەر بزوێنەر و داینەمۆی ڕوداوە و ئاراستەی هەڵسوڕاندنی ململانێیەکانی لەئەستۆ گرتووە)) (حسێن و عەزیز،٢٠٢١: ٨٧). پێویستە کەسایەتییەکان لەڕۆمانی منداڵاندا ژمارەیان زۆرنەبێت و نمونەیەکی سەرنجڕاکێشبن لە جێگەی باوەڕی منداڵان بن؛ لەبەرئەوە هەر تەنها مرۆڤ نین و هەمە جۆرن، لە مرۆڤ، ئاژەڵ، سروشت و بێگیانەکان، بێگومان ئەم کەسایەتیانەش منداڵ تارادەیەکی باش لەجیهانی خۆیدا ئاشنایەتی لەگەڵیاندا هەیە و بە جیهانی ئەو نامۆنین.

وەکو نمونە ئاماژە بە ڕۆمانی ( گورگ و بزن )ی عەزیزی مەلای ڕەش دەکەین، کە کارەکتەرەکانی ئاژەڵانن، ئەم ڕۆمانە باس لەدو بەرە دەکات، بەرەی ستەمکار، کە گورگەکان و بەرەی ستەملێکراو، کە مێگەلی بزنەکانن، بەرەی گورگەکان لە چوار گورگ پێکهاتون، کە دووانیان گوڵن بەناوەکانی ( گەندوش و کەنوش)، دووانیشیان دێڵن بەناوەکانی ( تەرسە و جەرسە).

مێگەلی بزنەکان لەچوار دەستە پێکهاتووە، ئەوانیش هەریەک لە هۆزی (ڕەشۆکی، شامی، هەورامی، کۆریس یان کۆڵ) هەریەک لەم دەستانەش براگەورە و ڕدێنسپی خۆی هەیە، ئەمەش ڕەمزە بۆ چوارپارچەی کوردستان، سەرۆکی هەموو بەرەی بزنەکانیش نێرییەکە بەناوی مام ئاهورە.(مەلای ڕەش: ١٩٨٩).

**چوارەم / گرێچن ( تەون ):** گرێچن توخمێکی تری ڕۆمانە، ناوەندی پێکەوە بەستنی پێکهاتەکانی دەقە، واتە ئەم توخمە لەڕۆماندا یارمەتی دەرە بۆ ڕێکخستنی ڕوداوەکان و بەدوایەکدا هاتنیان. گرێچن گرنگی خۆی هەیە و توخم و تەکنیکەکانی تری وەک (کارەکتەر، ڕوداو، دیالۆگ...هتد) لەناو گرێچن یەکتری دەگرنەوە،((کاتێک ڕوداوەکان گەورەدەبن و پەرەدەسێنن، دەبنەهۆی لەدایکبوونی گرێچنێک، کەئەمەش دروست بوو پێویستی بە چارەسەرکردن دەبێت بۆ ڕوداوەکان؛ بۆیە ڕوداوەکان لە بەردەوامی و گەرموگوڕیدا دەبن تاوەکو گرفتەکە چارەسەردەبێت و چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی)) (فەرەج،٢٠١٢: ١١٠). بەشی زۆری

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp13-24

رۆمانی مێردمنداڵان یەک گرێچن لەخۆ دەگرێت، بەشێوەیەک لەگەڵ تایبەتمەندی و تواناکانی ئەواندا گونجاوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن تێگەیشتنیان بۆ رۆمانەکان هەبێت.

لێرەدا رۆمانی (نهێنی ئەشکەوتی کونەبا)ی خاتو فەوزیە، بە نمونە وەردەگرین، کە چۆن نوسەر لێهاتوانە دەیەوێت لە رێگەی گرێچنی رووداوەکەوە چارەسەری دۆخی شڵەژاوی پاڵەوان بکات، لەم رۆمانە پاڵەوان ناوی نادیارە و گێڕەدەی ئایپادەکەیەتی، بەهۆی ئەمەشەوە لەوانەی بیرکاریدا کەوتووە، خانمی مامۆستا خەونێکی دور و درێژی ئاڵۆز و جەنجاڵی پاڵەوان دەگێڕێتەوە، بەهۆیەوە تیشک دەخاتە سەر ئاستەکانی ئاگایی مرۆڤ کە ١٧ ئاستە. باس لە دو دەروازە کراوە کە (ئاگایی و نائاگاییە)، پاڵەوان لە دەروازەی ئاگایی دەدات, بەڵام لێی ناکرێتەوە، ئاوردەداتەوە شورایەکی گەورە لەدوایەوە هەڵچنراوە، کە ناتوانێت بگەڕێتەوە دواوە، بەناچاری لە دەروازەی نائاگایی دەچێتە ژورەوە، نوسەر خودی حەقیقی لەبەرانبەر خۆی وەستاندوتەوە، کە دەبێتە هاورێگەی ئەم گەشتەی، بۆ هەرئاستێک لە ئاستەکان کۆمەڵێک رووداو لەنێو دەروازەی نائاگایدا دێنەپێش، بەهۆیانەوە بەرگەکانی شەرمەزاری و تورەیی و تاوان دادەماڵرێت لە (من)ی حەقیقی، هاوکات لەگەڵ بەرەوپێشچوونی چیرۆکدا رووداوەکانیش بەرەوپێشچوون بەخۆیانەوە دەبینن لە ململانێوە بۆ چارەسەر ، تادەگات بە ئاستی رۆشنبیری و دواجار بەگەیشتنی چیرۆک لە لوتکەدا کۆتایی بە گێڕانەوەکە دێت، دەگەن بە دەروازەی ئاگایی و پاڵەوان رزگاری دەبێت لەو منە بارگرانەی، کە بە بەرگی ئیرەیی و ترس و تاوان تورەیی و شەرمەزاری داپۆشرابوو، تێکەڵ بە ژیانێکی پڕ لەوزە و چالاک دەبنەوە ( مەنی :٢٠٢٣ ).

دەبینین رۆماننوس لە رێگەی گرێچنی گونجاوەوە ململانێکەی گەیاندووەتە لوتکە و بەرەبەرە کاریگەریی رووداوەکانی زیادکردووە و خوێنەری ئامادەکردووە تا درک بە کاریگەریی تەواوی لوتکە بکات. بەواتایەکیتر رووداوەکانی بە شێوەیەکی هونەری رێکخستووە، واتا کاتێک رۆماننوس باسی لە رووداوەکان کردووە بە بەردەوامی جموجۆڵی پێداون و بە شێوەیەکی هونەری چنیونی، بەجۆرێک رووداوەکانی بەرەوپێشەوە بردووە لە ململانێوە بۆ چارەسەر، ئەمەش وا دەکات مێردمنداڵ چێژ لە رووداوەکان وەربگرێت، بەپەرۆشەوە رۆمانەکە بخوێنێتەوە، سود لەو ئەزمونانە وەربگرێت بۆ رووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان.

**پێنجەم/ کات :** کات توخمێکی گرنگی گێڕانەوەیە، پەیوەندی کات بە توخمەکانی تری گێڕانەوە پەیوەندییەکی پتەو و تەواوکارییە و لەگەڵ یەکتردا بنیاتی رۆمان پێکدەهێنن، ((کات لەرۆماندا گرنگییەکی زۆری هەیە، بەوپێیەی توانای کارلێککردن لەگەڵ رووداوەکاندا بەوەرگر دەبەخشێت و لەژێر کاریگەریی کارەکتەرەکاندا دەبێت)) (زوايمية،2019 : 21)، لە روانگەی (ژیرار ژینێت)ەوە (دەگونجێت رووداوێک بگێڕینەوە بێ ئەوەی ئاماژە بەشوێنی رووداوەکە بکەین، بەڵام ئەستەمە بتوانین ئاماژە بەکاتی رووداو نەکەین، چونکە لەکاتی گێڕانەوەی رووداوەکان بەکاتی ئێستا یان کاتی رابردو یان داهاتوو رووداو دەگێڕینەوە، بەمەش بایەخی کات دەردەکەوێت)) (حەمە و خدر، ٢٠٢٣ : ١٠٧). کەواتە کات لە دەقی گێڕانەوەیدا ((ئەو کاتە رێرەوییەیە، کە چۆنییەتی گێڕانەوەی رووداوەکان جوڵانەوەی کەسێتییەکان لە ئێستاو رابردو ئایندەدا بەگوێرەی شێوازی تێکستەکە رێکدەخات و بەگونجاوترین شێوە گوزارشت لە باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی و فکری ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەکات)) (قادر، ٢٠٢٣ : ١٤٨).

رۆمانی (رێبەنێکی سور و ملپێچێکی رەش) دەکەینە نمونەیەک بۆ دیاریکردنی کاتی روودانی رووداوە دیاریکراوەکانی ناو رۆمانەکە. لەسەرەتای رۆمانەکەدا نووسەر ئاماژە بە کاتەکەی دەکات دەڵێت: ((نیوەڕۆی یەکێ لە رۆژەکانی مانگی ئەپریلی ساڵی هەشتاوسێیە، دروستتر بیستو چواری ئەپریلە. هەتاوێکی خۆشە. کزەبایەک گەڵای درەخت و جلوبەرگی سەرتەنافەکە دەلەرێنێتەوە. ریشۆڵەکان پۆل پۆل بەئاسماندا هەڵدەفرن)) (کاکەسوور،٢٠١٥: ١٣). جۆری کات لەم دەقەدا کاتێکی مێژوییە، چونکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژەی بەکات داوە، دەبینین نوسەر بە وردی کاتەکەی بە رۆژ و مانگ و ساڵ دیاریکردووە، تەنانەت لە رۆژەکەشدا ئەوەی دیاری کردووە نیوەڕۆیە.

**شەشەم/ شوێن:** پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن، پەیوەندییەکی کاریگەر و فرەلایەنە، شوێن بەپێی جۆرەکانی، پێگە و گرنگی خۆی لە دەقی ئەدەبیدا هەیە و بە نەبوونی دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەهای هونەری دەق.(عوسمان و عومەر،٢٠٢٢: ٣٠١)، نوسەر لەناو رۆماندا پێویستی بە توخمی شوێن هەیە، بۆ ئەوەی هەموو توخمەکانی دیکەی رۆمانی تێدا کۆبکاتەوە و جیهانێکی واقیعی، یاخود خەیاڵی تێدا دروستبکات، چونکە جوڵە و رووداوەکانی ناو رۆمان پەیوەستن بە شوێنەوە، گرنگی توخمی شوێن لەو کاتەدا بەدەردەکەوێت، کە کاتێک کارەکتەر و کەسایەتیەکان لەناو ئەو شوێنەدا بجولێنەوە و لەکاتێکی دیاریکراودا رووداوێک دروست بکەن.(عومەر، ٢٠١٥: ١٥٤)، لە رۆماندا دەکرێت وەسفی شوێن بۆ ئەوە بێت خوێنەر بەهۆیەوە بتوانێت بە رونی وێنای شوێنەکە بکات، ئەگەر شوێنەکە واقیعی بێت وەسفکردنی بۆ ئەوەیە وەک خۆی بە خوێنەری بناسێنێت، یان جوانییەکانی باس بکات و ...هتد.
کەواتە بوونی شوێن لەنێو دەقدا و وەسفکردنی لەلایەن رۆماننوسەوە هەر بۆ ئەوە نییە، کە دەقەکەی یان کارەکتەرەکان و سروشت و شوێنەکانی پێ برازێنێتەوە و بەس، بەڵکو دەبێ مەبەستی رون و ئاشکرابێ و لەهەمان کاتیش شوێن هەڵگری رەهەندی دەرونییە دەکرێ بۆ خوێنەر زیاتر رون بکرێتەوە (ئەحمەد، ٢٠١٥ : ٤٤١).

خوێنەر بۆئەوەی رووداو و کەسایەتییەکانی ناو رۆمان بەراست ببینێ و بڕوایان پێ بکات، ئەوا پێویستە ژینگە و کەش و هەواو و شوێنی رووداوەکان لە چوارچێوەی لاپەڕەکانی رۆمانی مێردمنداڵاندا لەگەڵ ژینگەی ئەم قۆناغەی تەمەندا بگونجێن و کۆکبن. ئەگەر سەیریکەین دەبینین ژینگەی شوێن لە رۆمانی مێردمنداڵانی کوردا زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە دارستان، دار و درەخت، گوڵ و گوڵزار، لادێ، کانی و سەرچاوەکان، کتێبخانە، ماڵ و قوتابخانە، فێرگە... هتد. بۆ نمونە لە رۆمانی ( زێڕایەک لە دارستانەکانی سویدا )، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو دیمەنە دەبینین نوسەر ئاماژەی بەچەند شوێنێک کردووە((چواردەوری گوندەکە تاچاو برکات دارستانە. تەنها شەقامەکان و خانو و تەلارەکان گوندەکەیان لە دارستانەکان جیاکردۆتەوە. چەمێکی رون و دڵڕفێن لەگوندەکەدایە. هاوینان خەڵکی گوندەکە بە دوچەرخە دەچن میوە و کێک و قاوە و شەربەت دەبەن و لەوێ مەلە دەکەن، تەنانەت پیرو بەتەمەنەکانیش)) (سابیر،٢٠٢٤ : ١٧). لەو بەشەی رۆمانەکەدا دەبینین شوێنەکان بریتین لە (چواردەوری گوندەکە، دارستان، شەقامەکان، خانو و تەلارەکان، چەم). رۆماننوس مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵ توخمی شوێن کردووە، زیرەکانە سودی لێ وەرگرتووە و لەگەڵ رەوتی رووداوەکانی ناو رۆمانەکەدا گونجاندویەتی و بنەمای دامەزراندنی رووداوەکانی ناو رۆمانی لەسەر پتەوکردووە، کە تارادەیەک ئەم شوێنانەش نامۆنین بۆ مێردمنداڵان.

## ٢.٢ تەکنیکەکانی ڕۆمانی مێردمندالان:

**یەکەم / گفتوگۆ ( دیالۆگ ) :** گفتوگۆ یەکێکە لەو تەکنیکە گرنگانەی، کە ڕۆماننوس پەنای بۆ دەبات بەمەبەستی گەیاندنی بیرۆکە و بابەت و زانیاریەکانی دەقەکە، لەڕێگەی ئەم تەکنیکەوە بەشێک لە زانیارییەکانی ناودەق دەگەیەنێت بەخوێنەر، نجم خالد ئەلوەنی لەبارەی دیالۆگەوە دەڵێت: (دیالۆگ یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوە، بیری کارەکتەر ئاشکرا دەکات، لەوی دیکەی جیادەکاتەوە... نوسەر لەڕێی دیالۆگەوە دەتوانێت باری دەرونی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و ئایینی کارەکتەرەکانمان پێ بناسێنێ) (عزیز،٢٠٢٣: ٢٨٧)؛ بۆیە دەتوانین بڵێین: ((دیالۆگ بەشێکی سادەی نێو ڕوداوەکان نییە، بەڵکو کایەیەکی گوتارییە و هەڵگری هەموو ئەو ململانێ و هەڵوێست و هزرانەیە کەوا دەق وێنای دەکات)) (حەمە و خدر،٢٠٢٣ : ١١٧). کەواتە لە ڕۆمانی مێردمنداڵاندا پێویستە ڕۆماننوس بەشێوازێکی جوان و دروست گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان بخاتەڕو، بۆ ئەمەش دەبێت تەمەن و لایەنی عەقڵی و تێگەیشتنی ئەو قۆناغەی تەمەنی منداڵ لەبەرچاو بگیرێت، وشە و دەستەواژەکان ڕونبن و لەگەڵ فەرهەنگی زمانیاندا بگونجێت، نەبێتە هۆی دروست کردنی تەم و مژی واتای لای مێردمنداڵ، واتە دەبێت دیالۆگەکان کورت و پوخت و ڕون و مانابەخشبن، پێویستە تەواوی گفتوگۆکان لەپاڵ چێژ بەخشیندا به ئاراستەی سود گەیاندن بێت.

وەك نمونە لە ڕۆمانی (دەریای منداڵ) گفتوگۆیەکی نێوان (دەریا و دایکی) دەخەینەڕو، کە باوکی دەریا چوبوو بۆ موسڵ, بەڵام درەنگ کەوتبوو نەگەڕابۆوە بۆماڵەوە، دەریاش زۆر بـیری دەکرد لەپڕ وێنەی باوکی لە ڕوخساری مانگ دا دەبینێ بەمە دڵخۆش دەبێت؛ بۆیە لە دایکی دەپرسێت: (( - دایە دەڵێم، سودی مانگ چییە؟ + ڕۆڵە دەریا، مانگ سودی زۆرە، یەکێک لەوانە: ڕۆژمێرێکە و دەتوانین بەهۆی ئەوەوە مانگەکانی ساڵی پێ دەستنیشان بکەین، جگە لەمەش ئەوا لە شەوانی تاریکیدا بە کەڵکی ڕێبوار و ئاوارە و لێقەوماوان دێ، ڕێی تاریکیان بۆ ڕوناک دەکاتەوە. – باشە دایە، ئەدی لە ڕێگاکاندا بە کەڵکی باوکیشم نایێ؟ + ڕۆڵە، ماشێنەکەی باوکت دولایتی ڕۆشنی پێوەیە، خوانەخواستە ئەگەر لایتەکان لەکار بکەون یان بشکێن، ئەوا بەکەڵکی ئەویش دێ... ڕۆڵە دەریا..! مانگ زۆر حەزی لە چاکە و مرۆڤ دۆستییە، بەخۆڕایی تریفەکەی دابەشی سەر ئەم گۆی زەوییە دەکا)) (باجەلان،٢٠٠٤ : ٢٣). بەشی زۆری ئەم ڕۆمانە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی گفتوگۆکردنە لەنێوان کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکە، نوسەر بەزمانێکی ڕون گفتوگۆکانی خستووەتەڕو، بە شێوەیەک، کە لەگەڵ فەرهەنگی زمانەوانی و ئاستی بیرکردنەوەی ئەم قۆناغەی تەمەنی منداڵیدا بگونجێت، بەمەش هەم چێژ لە ڕوداو و بەسەرهاتەکان وەردەگرێت، هەم جیهانی بیروخەیاڵیان فراوانتر دەبێت و پەی بەڕوداو و بەسەرهاتەکان دەبەن، سودی دەبێت و دەبێتە ئەزمونێکی گوازراوە بۆیان.

**دووەم/ وەسف :** وەسف بە تەکنیکێکی بنەڕەتی گێڕانەوە دادەنرێت، چونکە گرنگیەکی زۆری لە خستنەڕوی تایبەتمەندییە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەر و خاسیەت و سیماکانی شوێندا هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە، کە ڕۆماننوس ناتوانێت دەستبەرداری وەسف بێت، وەسفکردن لەڕۆماندا کار بۆ دروستکردنی واقیعێکی نوێ بە پێی یاساکانی زمانی ئەدەبی و هونەری دەکات, بۆیە وەسفکردن((بریتییە لەپرۆسەی گواستنەوەی واقیع بۆ مێشکی وەرگر لە وێنەیەکی فیزیکییەوە بۆ وێنەیەکی ئەدەبی)) (السعدون،2013 : 177). وەکو ڕونە وەسف زۆر جار پشویەک بە خوێنەر دەدات و ئاستی چێژی ئەو بابەتە لە نێو وەسف دا دەخرێتەڕو. لەبەر ئەوە دەکرێ لەپێناسەی وەسفدا بڵێین: ((وەسف ئەو بڕگە و کۆپلانە دەگرێتەوە، کە وێنەی ژینگە و سروشت و باری کۆمەڵایەتی و دەرونی و سیما و ڕوخساری کارەکتەرەکان لەشێوازێکی ئەدەبی ڕازاوەدا پیشاندەدات و دەورێکی گرنگ لە پەرەسەندنی بنیاتی هونەری دەقی گێڕراوەدا دەگێڕێت)) (ئەلوەنی، ٢٠١١ : ٩٧).

نوسەر لە ڕۆمانی مێردمنداڵاندا پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ وەسفدا بکات، واباشترە وەسفەکان ئەوەندە دورودرێژ نەبن، کە ببێتەهۆی درێژکردنەوەی ڕەوتی گێڕانەوەکە بەجۆرێک، کە لەسنوری تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی مێردمنداڵان دەربچێت. وەسف لە ڕۆمانی مێردمنداڵاندا ڕوداوەکان ڕونتر دەکاتەوە، وا دەکات کە مێردمنداڵ وێنەکان وا خەیاڵ بکات، کە لەواقیعەوە نزیکن، لەگەڵ ئەوەشدا وا دەکات، تا ماوەیەکی زۆر ئەو پارچە وەسفانەی لەبیردا بمێنێتەوە و حەزی خوێندنەوەی بۆ زیاتر دەکات. بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆمانی مێردمنداڵاندا وەسف دو ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، لەلایەک دەبێتەهۆی جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقەکە، لەلایەکی ترەوە دەبێتەهۆی فێرکردن و ڕونکردنەوەی زیاتر و بەخشینی چێژێکی هونەری و ئەدەبی بەخوێنەر.

پەیام ئیبراهیم لە ڕۆمانی (نازیلێی مانگ و شازادەی خۆر) لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەیدا گرنگی بە وەسف داوە، بەشێوەیەک هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە بە وەسفکردن دەست پێ دەکات و دەچێتە ناو ڕەوتی ڕوداوەکانی ڕۆمانەکە کاتێک دەڵێت:((لە ژێر دار سنەوبەرەکە دانیشتبوو، سەیری هاتوچۆی گەواڵە هەورەکانی دەکرد چۆن ئاسمانی بەیانییان ئاوەدان دەکردەوە، تاوێک بەردەمی خۆریان دەگرت، گەواڵە هەورەکان سپی بوون و زیوی دەیاننواند، هەندێکجار هەورەکان بە خێرایی تێدەپەڕین، ئاسمان شین و ساماڵ دەبوو، بۆنی پەلکی داری سنەوبەر ئەو ناوەی گرتبوو، جریوەی باڵندەکان، کە لە سەر کۆتا لقی دارەکە هێلانەیان کردبوو، لە پڕ پووشیان بەردەدایەوە، دەکەوتە ناو کانییەکەوە، بۆقەکانی ڕادەچڵەکاند، نازە، ئەم دیمەنانە زۆر سەرنجی ڕادەکێشا و چێژی لێ دەبینی)) (ئیبراهیم،٢٠٢٣:؟).

لێرەدا دەبینین ڕۆماننوس بە سەرنجێکی وردەوە مامەڵەی لەگەڵ وەسفدا کردووە، دەسپێکی ڕۆمانەکەی پێ ڕازاندۆتەوە و وەسفکردنەکەی زۆر درێژ نەکردۆتەوە، بەڵکو وەکو دەروازەیەک سودی لە وەسفکردنەکە بینیووە بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بچێتە ناو ڕەوتی ڕوداوەکانی ڕۆمانەکە، سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت بۆ خوێندنەوەی و چێژێکی هونەری پێ ببەخشێت.

**سێیەم/ ڕەنگ :** هەر لەکۆنەوە تاکو ئێستا ڕەنگ بەهۆی گرنگی و کاریگەرییەکانی بۆ کۆمەڵێک مەبەست بەکارهاتووە، ڕەنگ لەدەقدا گرنگی خۆی هەیە و لەڕوی دەرونیشەوە(( کاریگەریی لەسەر مرۆڤ هەیە، چونکە ڕەنگ بەشێکی دانەبڕاوە لەڕۆشنبیری و یادەوەری و ڕوانین و خەونی مرۆڤ ڕەنگ بەشێکە لەو جیهانەی تێیدا دەژین و بەردەوام لەگەڵماندا دەژێت و بەشداریمان لەگەڵ دەکات)) (ڕەئووف، ٢٠١٧ : ٤٥٧).

سروشت بە ڕەنگاوڕەنگی لەدایکبووە و سەرچاوەی ڕەنگەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ سروشت؛ بۆیە حەزی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی ڕەنگەکان بەشێوەیەکی سروشتی بەپێی قۆناغەکانی تەمەن گۆڕانی بەسەردادێت، ڕەنگەکان کاریگەریان لە دروستبوون و بنیاتنانی کەسایەتی منداڵ و مێردمنداڵان هەیە ، لەپاڵ بەخشینی چێژدا گەشەی بیر و خەیاڵیشیان فراوان دەکات؛ بۆیە پێویستە نوسەر لەبواری نوسین بۆ منداڵ و

مێردمنداڵان بەوریاییەوە ڕۆڵ و گرنگی ڕەنگەکان لەبەرچاو بگرێت، بەشێوەیەک ڕەنگ بەکاربهێنێت، کە سەرنجی مێردمنداڵ ڕابکێشێت بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکەی و سودبینین لێی لەپاڵ چێژ وەرگرتندا. بەشێوەیەکی گشتی منداڵ و مێردمنداڵان حەزیان لەڕەنگە گەش و ڕونەکانە، نەک ڕەنگی بۆر و تاریک و تۆخ. ئەم حەزەش لەنێوان ڕەگەزی کچ و کوڕدا تاڕادەیەک جیاوازی هەیە. لەبواری فێرکردن و فێربووندا ڕەنگەکان گرنگی خۆیان هەیە، چونکە سایکۆلۆژیای ڕەنگەکان بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی و کارتێکردنیان لەسەر دەرون و بیر و هۆش و گەشە و ئاکار و ڕەفتاری منداڵ و مێردمنداڵان هەیە؛ بۆیە لەو کتێب و چیرۆک و ڕۆمانانەی بۆ منداڵ و مێردمنداڵان دەنوسرێن نابێت نوسەر تەکنیکی ڕەنگ پەراوێز بخات، نوسەر پێویستە ئەو ڕەنگانە بەکاربهێنێت، کە سەرنجڕاکێشن و لەگەڵ حەزەکانیان دەگونجێن و دەبنەهۆی ئاسودەیی دەرون و کاریگەرییان لەسەر ئاراستەکردنی مێردمنداڵان بۆ بیرکردنەوە و فێربوون و داهێنان و بنیاتنانی کەسایەتیان دەبێت.

لە ڕۆمانەکاندا مامەڵەی جیاواز لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانی ڕەنگدا کراوە، بەجۆرێک بەشی زۆریان بۆ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانیان تەنها ڕەنگی ڕەش و سپییان بەکارهێناوە، بەڵام ڕووکاری بەرگی ڕۆمانەکانیان بە ڕەنگی جیاواز دیزاین کردووە، وەکو ڕۆمانی( ڕێیەنێکی سور و ملپێچێکی ڕەش، کۆلارەکانی سپی سەنگ، دیاری و شەپۆل، خودناسی ...هتد)، بەڵام هەندێکیتریان سودێکی زۆریان لە ڕەنگە جیاوازەکان بینیووە بۆ ڕەنگکردنی: بڕگە و بابەتەکان، وێنە و نیگارەکان، باگراوەندی پشت نوسینەکان. بۆ نمونە هەریەک لە ڕۆمانەکانی(کاروانی ڕۆژنامەوان، جانتاکەی ئارۆ) بڕگە و بابەت و بەشەکانی ناوی بە ڕەنگی جیاواز ڕەنگکراوە. هەروەها ڕۆمانەکانی(دەریای منداڵ، بەرنامەکەی شەمێران...هتد) وێنەکانی ناویان بەڕەنگی جیاواز ڕازێنراونەتەوە. هەروەها ڕۆمانەکانی(کچی دورگە بچکۆلەکە، ملوانکەی ئەفسوناوی) بۆ باگراوەندی پشت نوسینەکان ڕەنگی شینی کاڵ بەکارهاتووە.

بەکارهێنانی ڕەنگی جیاواز بۆ ناوەڕۆک و دیزاینکردنی ڕۆمانەکان کاریگەریی ئەرێنی هەیە، چونکە لەپاڵ چێژ بەخشیندا سەرنجی مێردمنداڵان بۆ خوێندنەوە ڕادەکێشێت و دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستەکانیان ئەمەش وادەکات سەرنجی زیاتر بخەنە سەر ناوەڕۆک و هێماسازی و دیزاین و خوێندنەوەی ڕۆمانەکان.

**چوارەم/ ناونیشان :** ناونیشان ناسنامەی دەقە و هەڵگری کرۆک و دەلالەتەکانی ناوەوەیەتی، کاریگەریی تەواوی لەسەر وروژاندنی بیری خوێنەر هەیە، چونکە ناونیشان گوزارشتە لە کرۆکی ناوەندی دەق، زانیارییەکی باش بۆ تێگەیشتن لەبارەی دەقەکەوە بەخوێنەر دەبەخشێت و دەروازەیەکە بۆ ناسینی دەق و دەلالەتەکانی،((ناونیشانی کتێب وەک ناو وایە بۆ شتێک، پێی دەناسرێتەوە و لەسایەیدا بڵاودەبێتەوە، دەلالەتی لێوە دەکات، شکۆی کتێبەکە هەڵدەگرێت)) (مەجید،٢٠١٩ : ١٠٦)، هەمیشە ناونیشان جۆرێک لەجوانی دەبەخشێ بەدەقی ئەدەبی هەر لەبەر ئەوەشە کە ((**گۆڵدمان** دەڵێت: ناونیشانی دەق چراخانی دەقەکەیە)) (ڕەشید، ٢٠١٩ : ٣٦).

ناونیشان گوشراوی واتاو ناوەڕۆکی دەقە، دەکرێ لەڕێگەی ناونیشانەوە بەدوای ماناو دەلالەتەکانی دەقدا بگەڕێین و پەی بە دەلالەت و ناوەڕۆکەکەی بەرین، بۆیە لە ڕۆمانی مێردمنداڵاندا پێویستە ناونیشان سەرنج ڕاکێش و گونجا و کاریگەربێت، وابکات سەرنجی مێردمنداڵ بۆ خوێندنەوەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە ڕابکێشێت و سود و چێژی لێ وەربگرێت، نوسەر لەکاتی هەڵبژاردنی ناونیشاندا پێویستە بەوردەکارییەوە ناونیشانی دەقەکە دیاربکات، ئەو ناونیشانەی، کە هەڵیدەبژێرێت پێویستە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی دەقەکەبێت و گوزارشتی لێ بکات، بۆ ئەوەی خوێنەر توشی سەرلێشێوان و پەرتەوازەیی هزری نەبێت، چونکە خوێنەر زۆرجار لەڕێگەی ناونیشانەوە دەقێک هەڵدەبژێرێت بۆ خوێندنەوەی، هەروەها دەکرێت ناونیشان تاکە وشەیەک، یان دەستەواژە و ڕستەیەک بێت.  بۆ نمونە ئەگەر سەیری ڕۆمانی (ملوانکەی ئەفسوناوی) ئەمین محەمەد بکەین، دەبینین ئەم ڕۆمانە وەک ناونیشان و ناوەڕۆک، تەواو فەنتازییە و کار لە هزری خوێنەر دەکات و ناونیشانەکەی سەرنجڕاکێش و کورتە، لە هەمانکاتیشدا ناونیشانەکە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بەتەواوی لەخۆ دەگرێت. بەگشتی ناونیشانەکان لەو ڕۆمانانەی، کە لەلایەن نوسەرانی کورد بۆ مێردمنداڵان نوسراون  سادەن و هەندێکجاریش ناونیشانەکان فانتازین، واتە لەهەڵبژاردنی ناونیشانەکاندا ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەی تەمەنی مێردمنداڵ کراوە.

**پێنجەم/ وێنە و نیگار:** مرۆڤ هەر لەسەرەتای قۆناغەکانی ژیانیەوە  خۆشەویستی بۆ وێنە و نیگار هەبووە و درکی بە پێویستی و گرنگی ئەم بابەتە کردووە، لەو نێوەندەشدا منداڵ و مێردمنداڵان ئارەزویەکی زۆریان بۆ وێنەکێشان هەیە، چێژو خۆشی لێ دەبینن و بەهۆی وێنەکێشانەوە خەیاڵ و بیریان فراوانتر دەبێت، بێگومان قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ تایبەتمەندی خۆیان هەیە، مێردمنداڵان هەستیارن و خەیاڵێکی فراوانیان هەیە، لەڕوانگەی هەستەکانیانەوە بۆ دەوروبەریان دەڕوانن، کە بێگومان شتەکانی دەوروبەریشیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەستەکانیان دەبێت، ئەو وێنە و نیگارانەی، کە لەناو دەقدا بوونیان هەیە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خەیاڵ و دەرونی مێردمنداڵان دەبێت،  پێویستە پەیوەندییەکی گونجاو و توندوتۆڵ لەنێوان دەق و وێنەکانی ناویدا هەبێت، چونکە( بەتەنیا دەقە ئەدەبییەکە خواستی منداڵ تێرناکات، بەڵکو بۆ تەواوکردنی کارەکەی پێویستی بەوێنەکێشێکی لێهاتو و بەتوانا هەیە، تاوەکو سەرنجی منداڵان زیاتر بەلای دەقەکەدا ڕابکێشێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وێنە و دیمەنی پاڵ دەقەکان... تێگەیشتنی منداڵ بۆ دەقەکان زیاد دەکەن ) (عزیز،٢٠١٩ : ١٩). هەرچەندە ئەو ڕۆمانانەی، کە ڕۆماننوسانی کورد بۆ مێردمنداڵانیان نوسیون زیاتر نوسین لەخۆ دەگرێت، بەڵام وێنە و نیگاریش لەناو دەقەکاندا بوونی هەیە، کە گوزارشت لەڕەوتی ڕوداوەکانی ناو دەقەکان دەکەن، وێنە و نیگار کار لەسایکۆلۆجیای منداڵ و مێردمنداڵان دەکەن، بیر و خەیاڵیان فراوان دەکەن و حەزی خوێندنەوەیان بۆ زیاد دەکەن؛ بۆیە پێویستە وێنە و نیگارەکان سەرنجڕاکێش بن و لەشوێنی گونجاودا دابنرێن و پەیوەندی هەبێت لەنێوان زنجیرەی وێنەکاندا و تەواوکەری یەکتریبن، بەجۆرێک وێنەکان دەلالەتی باش لەخۆیان بگرن و توندوتیژیان پێوە دیارنەبێت، خۆشی و شادی ببەخشن بە مێردمنداڵی خوێنەر.

زۆربەی ئەو ڕۆمانانەی لەبەردەستمانن و لەلایەن نوسەرانی کورد نوسراون، بەشێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش کاری وێنەکێشانیان بۆ کراوە، ئەم وێنە و نیگارانە بە شێکیان لەلایەن کەسانی نیگار کێشەوە بەدەست کێشراون، بەشێکیشیان لەڕێگەی بەرنامەکانی کۆمپیوتەرەوە ئامادەکراون. وێنەکان بەشێوەیەک ئامادەکراون، کە توندوتیژیان پێوە دیارنییە و گوزارشت لە ڕەوتی ڕوداوەکان دەکەن، ئەم وێنە و نیگارانەش لە هەندێک ڕۆماندا ڕەش و سپین و لەهەندێکی تریان ڕەنگا و ڕەنگن، بۆنمونە هەریەک لە ڕۆمانەکانی(گورگ و بزن، نهێنی ئەشکەوتی کونەبا، زێبرایەک لە دارستانەکانی سویدا، قوتابخانەکەی گوڵخەندان، مێژو ڕۆبنێنەوە...هتد) وێنە و نیگارەکانی ناویان ڕەش و سپین، بەڵام هەریەک لە ڕۆمانەکانی( دەریای منداڵ،

بەرنامەکەی شەمێران، کاروانی ڕۆژنامەوان، کچی دورگە بچکۆلەکە، ملوانکەی ئەفسوناوی، نازیلێی مانگ و شازادەی خۆر، جانتاکەی ئارۆ...هتد) وێنە و نیگارەکانی ناویان ڕەنگا و ڕەنگن. هەردو جۆری وێنە و نیگارەکان کاریگەرییان لەسەر باشتر گەیشتنی پەیامەکان هەیە، چونکە وێنەکان پەیام و ڕوداوەکان ڕونتر دەکەنەوە و دەبنە هۆی زیاتر سەرنجڕاکێشان، کار دەکەنە سەر هەستەکانی مێردمناڵی خوێنەر بەمەش هەم چێژی زیاتر وەردەگرێت، هەم دەبێتە هۆی باشتر تێگەیشتن و فێربوونی.

**شەشەم/ فۆنت :** نوسینی ڕۆمانی مێردمنداڵان پێویستی بە بەکارهێنانی تەکنیکی تایبەت هەیە، بۆ ئەوەی ڕۆمانەکان سەرنجڕاکێشبن و لەگەڵ پێویستی و تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەی تەمەندا بگونجێن، فۆنتیش تەکنیکێکی کاریگەرە، لەکاتی دیزاینکردن و چاپکردنی ڕۆمانی مێردمنداڵان ڕۆماننوس بە بایەخەوە سەرنجی دەخاتەسەر، کە لە ڕۆمانی مێردمنداڵاندا بەمشێوەیەیە: لەو ڕۆمانانەی لەبەردەستماندان بەگشتی فۆنتەکان ڕون و سادەن، چونکە فۆنتی ئاڵۆز ڕەنگە خوێندنەوەی بۆ ئەم تەمەنە بێزارکەربێت، هەروەها قەبارەی فۆنتەکان خۆی لە بەکارهێنانی فۆنتێکی قەبارە (١٤-١٨ خاڵ) دەبینێتەوە، بۆ نمونە ڕۆمانی(زێرایەک لە دارستانەکانی سویددا فۆنتەکەی (١٤)یە، ملوانکەی ئەفسوناوی فۆنتەکەی(١٦)یە. هەندێکجاریش تۆخکردن و جۆراوجۆری لە قەبارەی فۆنتدا بۆ تیشک خستنەسەر وشە گرنگەکان یان دەستەواژە سەرەکییەکان دەبینرێت، بۆ نمونە لە ڕۆمانی(من کازیوەم سپیدە نیم، کۆلارەکانی سپی سەنگ، نهێنی ئەشکەوتی کونەبا) ئەمە بەرچاودەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێک شوێن بۆ دەرخستنی وشە و دەستەواژە گرنگەکان تەکنیکەکانی لارکردنەوەی وشە یان بەکارهێنانی سێبەرکردن یان ڕەنگکردن بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە لە ڕۆمانی(من کازیوەم سپیدە نیم، جانتاکەی ئارۆ) ئەم شێوازە بوونی هەیە، ئەم شێوازانەی تەکنیکی فۆنت هۆکارێکی گرنگن بۆ ڕاکێشانی خوێنەر تاکو بەحەزەوە ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە و ببێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی. هەڵبەتە ئەوەی جێگای سەرنجە بەشێکی زۆر کەمی ئەم ڕۆمانانە هەڵەی زمانەوانی و ڕێنوسییان هەیە و کەم ڕەچاوی خاڵبەندی کراوە، بەڵام ڕەچاوی ئەوە کراوە، کە ڕستەکان تاڕادەیەکی باش ڕستەی سادەن، بۆ ئەوەی مێردمنداڵ بەڕونی تێگەیشتنی هەبێ بۆ بابەتەکە و بەحەزەوە بەردەوامبێ لەخوێندنەوەی، ئەمەش بەئاراستەی دروستکردنی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کەسایەتی و بیر و هزر و خەیاڵ و داهێنانەکانی.

**حەوتەم/ شێوە و قەبارە :** شێوە و قەبارەی ئەو ڕۆمانانەی بۆ مێردمنداڵان دەنوسرێن تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویستە لەبەرچاوبگیرێن بۆ ئەوەی سەرنجی مێردمنداڵ ڕابکێشێت و بەحەزەوە بیخوێنێتەوە، ( ڕازاو ڕەشید صبری ) ، لە کتێبی چیرۆکی منداڵان ئاماژەی بە چەند تایبەتمەندییەکی کردووە؛ بۆیە دەتوانین بڵێین کە بۆ کتێبی ڕۆمانی مێردمنداڵانیش لەڕوی شێوە و قەبارەوە تایبەتمەندییەکان تا ڕادەیەک هەمان شت لەخۆدەگرن، بەوشێوەیە ((١- کتێبەکە یاخود نامیلکەکە خاوەن قەبارەیەکی مامناوەندی بێت، چونکە منداڵان نەحەز بەکتێبی گەورە و حۆل دەکەن، نە بچوکی کورت کراوەش. ٢- دەبێت بەرگی دەرەوەی شێوەیەکی تایبەتی هەبێت، چونکە واچاکە بەرگی دەرەوەی کتێبی منداڵان بەشێوەیەکی قەشەنگ و سەرنجڕاکێش بخرێتەڕو و وێنەداریش بێت، ڕەنگەکانی گونجاوبن، دیزاینەکەی سادە و ساکاربێت و دوربێت لە ئاڵۆزی. ٣- ئەو کاغەزەی بەکاردێت، دەبێ لەجۆرێکی باشبێت و ڕەنگێکی سپی زەقی نەبێت کاربکاتە سەرچاوی منداڵ و ماندوی بکات، بەڵکو دەبێت ڕەنگێکی شیری هەبێت. هەروەها کەمێکیش ئەستور بێت تاوەکو بەرگەی هەڵدانەوە بگرێت)) (صبری،٢٠١٠ : ١٢٣-١٢٤)، ڕۆمانی مێردمنداڵان بەراورد بەهەموو ژانرەکانی تر لە چیرۆک نزیکە، بەڵام جیاوازیشیان هەیە، ئەم تایبەتمەندیانەی چیرۆک لەڕوی شێوە و قەبارەوە لە ڕۆمانی مێردمنداڵانیشدا بە شێوەیەکی جیاوازتر بوونی هەیە، چونکە لەگەڵ ئەوەی ئەم دو ژانرە جیاوازن لەیەک، بەڵام دواجار چیرۆک و ڕۆمان هەڵگری بنیاتی حیکایەتن؛ بۆیە ئاساییە ڕۆمانی مێردمنداڵان ئەگەر بەرگی دەرەوەی وێنەدار و ڕەنگاوڕەنگ نەبێت، دیزاینەکەشی بەو ڕادەیە سادە و ساکار نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاغەزەی کە بەکاردێت ئەگەر کاغەزێکی ئاسایی بێت هیچ گرفتێکی نییە، چونکە مێردمنداڵ گەیشتووەتە تەمەنێک، کە بتوانێت مامەڵەیەکی گونجاو و دروست لەگەڵ کتێب و سەرچاوەکانی بەردەستی بکات و پارێزگارییان لێ بکات.

ڕۆمانەکان لە ڕوی شێوە و قەبارەوە هەندێکیان جیاوازیان هەیە، بەگشتی نوسەرەکانیان بایەخیان بە شێوەی دیزاینی بەرگی دەرەوەی ڕۆمانەکان داوە، ڕەچاوی ڕەنگ و وێنەیان کردووە، هەندێکیان شێوەی دیزاینەکەیان ڕون و سادەیە، وەکو ڕۆمانی( بۆرە، دیاری و شەپۆل، نان و ژیان، دەریای منداڵ...هتد). هەندێکی تر دیزاینەکەیان کەمێک ئاڵۆزترە خوێندنەوەی وردتر هەڵدەگرن، چونکە تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەفسانەکان کراون، وەکو ڕۆمانی(ئەفسانەی کەلی ناو گردان، خودناسی، ڕێیەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، نهێنی ئەشکەوتی کونەبا).

هەندێکیان قەبارەکەیان لەڕوی ژمارەی لاپەڕەوە وەکو کتێبی ئاساییە، ژمارەی لاپەڕەکانیان دەگاتە ٢٠٠ لاپەڕە، وەکو ڕۆمانی( گورگ و بزن، ڕێیەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش). هەندێکی تر قەبارەکەیان مام ناوەندە، وەکو ڕۆمانی(کچی دورگە بچکۆلەکە، ملوانکەی ئەفسوناوی...هتد). لەڕوی جۆری کاغەزی بەکارهاتو، بەگشتی ڕۆمانەکان کاغەزەکەیان ئاساییە وەکو هەر کتێبێکی تر، تەنها ڕۆمانی (کاروانی ڕۆژنامەوان) جۆری کاغەزەکەی جیاواترە، کە جۆرێکی ڕون و لوس و ئەستورترە.

**هەشتەم/ تەکنیکی بەش بەشکردنی گێڕانەوەی ڕۆمان :** ئەم تەکنیکە یەکێکە لەو تەکنیکانەی کە سودی بۆ گێڕانەوە لێ دەبینرێت ، لە هەندێک لەو ڕۆمانانەی، کە لەلایەن نوسەرانی کوردەوە بۆ مێردمنداڵان نوسراون ئەم تەکنیکە بەرچاودەکەوێت. لە هەندێک لەو ڕۆمانانە نوسەر بۆ بەش بەشکردنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە **ناونیشانی لاوەکی** بۆ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە داناوە، بۆ نمونە: ( بەرهەم عەلی) ڕۆماننوس لە ڕۆمانی ( کاروانی ڕۆژنامەوان )، ڕۆمانەکەی بەمشێوەیە کردووە بە چەند بەشێک و ناونیشانی لاوەکی بۆ داناوە: کاروان و خەونی ڕۆژنامەوانی. ڕۆژنامەی دارستان . گەشتی پاشا و ڕوداوە ناخۆشەکان... هتد. هەندێکجاریش نوسەران بۆ دابە شکردنی ڕۆمانەکان تەکنیکی **بەش بەشکردنیان** بەکارهێناوە و دابەشیانکردووە بەسەر چەند بەشێک، یاخود **ژمارە** یان **شەو** یان بەکارهێناوە.

## ٣.٢ ناوەڕۆک لە ڕۆمانی مێردمنداڵاندا:

بێگومان تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی مێردمنداڵان لەڕوی ناوەڕۆکەوە لە سیفەتە جیاوازە تایبەتییەکانی قۆناغی مێردمنداڵییەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرجەستەدەبن، کە پێویستە دەقەکە لەگەڵ تایبەتمەندییە زمانی و هزری و خەیاڵیەکانی مێردمنداڵ بگونجێت، چونکە مێردمنداڵان ئەو دەقانەی، کە حەز و ئارەزو و خەیاڵەکانیان تێردەکەن زیاتر سودیان لێ دەبینن، لەڕێگەی ئەو دەق و ڕۆمانانەوە، کە لەگەڵ ئاست و سەردەمەکەیان دەگونجێن ڕێچکەکانی ژیانیان ڕەنگ ڕێژ دەکەن و هەنگاو

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp13-24

بۆ ژیانی داهاتویان داوێن،(( بێگومان، هیچ ڕۆمان و بابەتێکی ئەدەبی بێ مەبەست و ئامانج نین، ڕۆمانیش وەکو ژانرێکی گرنگی ئەدەبی بۆ منداڵان و مێردمنداڵان، کە بەزۆری پەیامێکی پەروەردەیی و نیشتمانی و بەها بەرزی و کۆمەڵایەتی و دەرونی و ڕەوشت نمونەیی لەخۆگرتون، کە ڕۆمانوس دەیەوێت بە مێردمنداڵانی بگەیەنێت.. لەباشەوە بۆ باشتر ئاراستەیان بکات، تابن بە کەسایەتی دروست و بەتاکی سودبەخشی کۆمەڵگەی کوردیمان )) (صڵێوە و خامۆش، ٢٠٢٢ : ١٠٩).
ڕۆمانوس پێویستە وەکو هاوڕێیەک ڕۆمان بۆ مێردمنداڵان بنوسێت، نەک وەکو مامۆستا و وتاربێژێک؛ بۆیە پێویستە خاوەنی هەست و سۆزێکی ناسک بێت، تاکو بتوانێت لە جیهان و سروشت و دەرونی مێردمنداڵان نزیک بێتەوە، ئەمەش بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر هزر و خەیاڵیان و ئاراستەکردنیان بەرەو باشتر؛ بۆیە گرنگە کەش و هەوای ناو ڕۆمانەکە سەرنجڕاکێشی و شادی بنوێنێ، خەیاڵی مێردمنداڵان بجولێنێ و ئەرێنی و گونجاوبێت، بەجۆرێک کاریگەریی هەبێت لە دروستکردنی کەسایەتیاندا.

تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی مێردمنداڵان لەڕوی ناوەڕۆکەوە خۆی لە کۆمەڵێک ڕەهەند و ئاراستەی جۆراوجۆری ئاکاری و پەروەردەیی دەبینێتەوە، نوسەران لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێت پەیام و مەبەستەکانیان بخەنەڕو، بۆئەوەی مێردمنداڵان ئاشنا و ئاراستە بکەن بە بابەتە جۆراوجۆرەکانی ئاکاری و پەروەردەیی؛ بۆیە دەبینین لە ڕۆمانی مێردمنداڵانی کورد دا زیاتر ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە بوارەکانی(ڕەوشت و پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی نیشتمان، هۆشیاری تەندروستی، ژینگە و سروشت و جوانی، خوێندن و فێربوون، ڕێزگرتن و متمانە، دڵسۆزی، ڕاستگۆیی و دەستپاکی، ئاژەڵ دۆستی و مرۆڤ دۆستی، و چەندان بابەتی دیکە) بایەخیان پێدراوە. بابەتەکان بەزمانێکی سادە و ڕەوان خراونەتەڕو، تاڕادەیەک ئاست و شێوازی نوسین و پێشکەشکردنی بیرۆکەی بابەتەکان لەهی منداڵانی خوار ئەو تەمەنە بەرزتر و جیاوازترە، لەمەشدا ئاستی تەمەن و پێگەیشتنی عەقڵی مێردمنداڵ لەبەرچاو گیراوە، بەجۆرێک بابەتەکان لەگەڵ گەشەی ئەم قۆناغەی تەمەنیان گونجاون، مێردمنداڵ ناخەنە ناوبارێکی دەرونی ناڕێک و ناخۆشەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەزمون و وزە و چێژ و خۆشییان پێدەبەخشن.

تەمەنی مێردمنداڵی تەمەنێکی زۆر هەستیارە؛ بۆیە ڕۆمانوس دەبێ ئەو بابەت و بیرۆکە و پەیامانەی دەیانخاتەڕو لە ئاستی هەستیاری ئەو قۆناغەدابن، بۆ ئەوەی ئاراستەیەکی دروستی مێردمنداڵ بکات و ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی فراوانتر بکات؛ وەك تێبینیمان کردووە لەبەشێک لەڕۆمانەکاندا پشت بەتواناکانی تاکی مێردمنداڵ بەستراوە و پەراوێز نەخراوە، بەشێوەیەک، کە تواناکانی بۆ خزمەتی کەلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگە و بەها ئاکارییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خراونەتەڕو.

گۆڕانکارییە دەرونی و جەستەییەکان و گەشەی مێردمنداڵان لە ڕۆمانەکاندا لەبەرچاو گیراون، ئەرکی مێردمنداڵان قورس نەکراوە بە باسکردنی ئەو بابەتانەی، کە سەریان لێ دەرناکات، بەڵکو زیاتر ئەو بابەتانەی، کە لەگەڵ ژینگەکەیدا گونجاوە خراونەتەڕو، کە ڕێنیشاندەر و پەروەردەی مێردمنداڵ دەکەن و هانیان دەدەن بۆ داهاتویەکی ڕۆشنتر و بواری بیرکردنەوەیان بۆ دەڕەخسێنن، ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بیر و خەیاڵیان، کە دواجار وایان لێدەکات گرنگی بە خوێندنەوە و نوسین بدەن و تاکێکی ڕۆشنبیریان لێ دەرچێت. جۆرج ئۆریەڵ ١٩٠٣-١٩٥٠ پێیوایە،(( زۆرێک لەو تاکانەی، کە خۆیان بە سەرکەوتوتر، یان پێشکەوتوتر لەوانی تر دەبینن، زیاتر هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان لەژیاندا پاشخانێک لە خەیاڵیان هەبووە، کە ئەویش لەتافی منداڵیدا بەدەستیان هێناوە)) (حەسەن،٢٠١٦ : ١٦). بێگومان خوێندنەوەی ئەدەبی گێڕانەوەیی بەگشتی و لەو نێوەندەشدا ڕۆمانی مێردمنداڵان هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو پاشخانە خەیاڵییە لەلای تاکی مێردمنداڵ.

فۆلکلۆر و فیکری میللی تاڕادەیەک لەناو ئەدەبیاتی کوردی ڕەنگی داوەتەوە، لەو نێوەندەشدا ڕۆمانی مێردمنداڵان کەم تا زۆرێک سودی لە فۆلکلۆر بینیوە، چونکە فۆلکلۆری کوردی زۆر بابەت و شتی بۆ منداڵان تێدایە. بابەتە فۆلکلۆرییەکان و حیکایەت لەکۆندا بۆ ئاراستەکردن و هۆشیارکردنەوە و لایەنی ڕەوشتی و بەها بەرزەکان بۆ مێردمنداڵان ڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی بینیبوە؛ بۆیە نوسەران سودیان لە حیکایەتە میللی و ئەفسانەییەکان وەرگرتووە، بەوەی، کە بیرۆکەکانیان هەڵێنجاونو کردویانە بە هەوێنی داڕشتنی بیرۆکەی ڕۆمانەکانیان و بەرگێکی نوێیان بەبەردا کردون، بەشێوەیەک، کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی قۆناغی مێردمنداڵی بگونجێت،((نوسەر بەئیلهام وەرگرتن لەبەرهەمێکی کۆن(ئەدەبی نوسراوە یا فۆلکلۆر)بابەت، شکڵ و پێکهاتەکەی دەگۆڕێت و دایدەڕێژێتەوە. هاوکات داڕشتنەوەی دوبارەی ئەم بەرهەمانە دەبێتە هۆکارێک بۆ وروژاندنی هەستی پرسیار لەمێشکی منداڵان بەناسینی دەقی سەرەکیی ئەو بەرهەمە)) (حسەینی و مێهرەبان،٢٠٢٢ : ٢٩٢).

ڕۆمانی مێردمنداڵان تاڕادەیەک لەڕوی بابەتەوە سودی لە ڕودا و کەسایەتیە مێژوییەکان بینیوە، باسی ئازایەتی و نەبەردییان کراوە، بەڵام دور لە لایەنی کوشتن و بڕین و شەڕ و توندوتیژی و بیری شەڕخوازی، واتە بابەتەکان لە دەوری مرۆڤ دۆستی، ژیان دۆستی، پەندئامێزی و چاکەخوازی دەخولێنەوە بەسود وەرگرتن لەلایەنی مێژویی. ڕەمز و هێما لە خستنەڕوی پەیامەکانی ناو ڕۆمانەکاندا زۆرکەم بەرچاو دەکەوێت، ئەو ڕەمزانەشی، کە خراونەتەڕو لە ئاست تێگەیشتنی هزری مێردمنداڵانن و نابنەکێشە بۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا فەرهەنگۆکی تایبەت بۆ ئەو وشە نامۆ و هێماییانە لە هەندێک ڕۆماندا بوونی هەیە، کە ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ بەرچاوڕونی و تێگەیشتنی زیاتری وشە و دەستەواژەکان.

ئەوە ڕونە لە ڕۆمانی مێردمنداڵاندا خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، چونکە ((خەیاڵ ڕەهەندێکی دەرونییە کە بەندە بە دروستکردنی وێنە و بیرۆکەی نوێ لە مێشکدا دور لە هەموو شتێک کە هەستیارە، بەمشێوەیە پێناسە دەکرێت: ئەو توانایەیە، کە عەقڵ دەتوانێت وێنەی شتەکانی پێ دروست بکات، یان مرۆڤەکان یان ئەو شتانەی دەیان بینێت لەبووندا)) (صیاد، ٢٠٢٢ : ١٧)؛ بۆیە دەبینین یەکێکیتر لەو بابەتانەی کە لەڕۆمانی مێردمنداڵاندا بەرچاو دەکەوێت بریتین لە بابەتە خەیاڵییەکان، دیارە ئەمەش ڕۆمانوس لەپێناوی ئەوەدا بەکارییان دەهێنێت، بۆ ئەوەی سەرنجی مێردمنداڵان بەم بابەتانە ڕابکێشن و لەڕێگەیانەوە ئامانجە پەروەردەیی و ئاکاری و فێرکارییەکان بگەیەنن بە مێردمنداڵان، چونکە لە ڕێگەی ئەم بابەتە خەیاڵیانەوە نوسەر بەجۆرێک لە جۆرەکان گوزارشت لەخولیا و ئارەزوەکانی مێردمنداڵ دەکات و لەم ڕێگەیەوە کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات و ئاراستەیان دەکات، لەمەشدا ئارەزوەکانی مێردمنداڵ دەبێ بەشداری ئەم خەیاڵە بکەن.

یەکێکی تر لەو بابەتانەی، کە لەڕۆمانەکاندا بوونی هەیە, بابەتەکانی پەیوەست بەئاژەڵ و گیاندارانە، کە خۆیان ڕۆڵی کارەکتەر و کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکە دەبینن، وەکو مرۆڤ سیفاتی بیرکردنەوە و خەیاڵ و قسەکردنیان پێ دەبەخشرێت لەلایەن ڕۆمانوسەوە ((ئاژەڵان قسە ناکەن، بەڵام نوسەران و زانا و دانایان لە

نوسراوەكانیاندا دەیانهێننە قسەكردن، بۆ ئەوەی خەڵكی لەمیانەی قسەو وتەكانیاندا دەرس و پەند وەربگرن)) (ئەحمەد، ٢٠٢١ : ١١٤).
بابەتی ریالیستی و واقیعی یەكێكی ترە لەو بابەتانەی كە لە ڕۆمانەكاندا بوونی هەیە ، كە ئەمەش لەگەڵ تایبەتمەندییەكانی ئەم قۆناغەی تەمەنی مێردمنداڵ دەگونجێ، چونكە مێردمنداڵ لەپاڵ بوونی خەیاڵێكی فراوان، ئارەزوی ئەوە دەكات لەشتە واقیعییەكان، ئەوشتانەی، كە باسی ژینگەی دەوروبەری و واقیعی كۆمەڵایەتی دەكەن نزیك بێتەوە، هەروەكو لەڕۆمانی ( كۆلارەكانی سپی سەنگ ) ئەمە ڕەنگی داوەتەوە كە ڕۆمانێكی ریالیستییە و نوسەر واقیعیانە بابەتەكانی خستووەتەڕو.
ئەو بابەتە كۆمەڵایەتیانەی كە لەڕۆمانەكاندا خراونەتەڕو، زیاتر بۆ ئاشناكردنی مێردمنداڵان بووە بەو كێشە و گرفتە كۆمەڵایەتیانەی كە لەناو كۆمەڵگەدا بوونیان هەبووە، بە مەبەستی تێگەیشتن لێیان و چارەسەركردنیان هەروەها ئاشناكردنی مێردمنداڵان بە بوارە جۆربەجۆرەكانی كۆمەڵگە و تایبەتمەندییەكانی.
هەندێك لەو ڕۆمانانەی بۆ مێردمنداڵان نوسراون تیایدا بابەتی سەركێشی و بوێری دەبینرێت، بێگومان مێردمنداڵان بەو بابەتانە سەرسامن، چونكە خۆیانیان تێدا دەبیننەوە، هەرچەندە بیروڕای جیاواز لەبارەی ئەم بابەتەوە هەیە، هەیانە بەباشی دەزانێ و هەشیانە بە پەسەندی نازانێ ئەو بابەتانە باسبكرێن، چونكە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ كاریگەریی لەسەر ڕەفتاری مێردمنداڵان دەبێت و دوبارەی دەكاتەوە، كە ئەمەش ڕەنگە هەندێكجار ژیانی بخاتە مەترسییەوە؛ بۆیە پێویستە لەكاتی باسكردنی بابەتی سەركێشی و بوێری بە ئاراستەی ئامانجی باشی پەروەردەیی و ئاكاری بخرێنەڕوو.

## ئەنجام :

ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لە توێژینەوەكەدا گەیشتین بەوەی لە ئەدەبی كوردیدا یەكەمین ڕۆمان، كە بۆ مێردمنداڵان نوسرابێ ڕۆمانی(گورگ و بزن)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)ە لە ساڵی ١٩٨٩، یەكەمین ئافرەتێكیش بۆ ئەم تەمەنە ڕۆمانی نوسیبێت (گەلاوێژ خان)ە، ئەویش بریتییە لە ڕۆمانی(ئەفسانەی كەلی ناو گردان)، كە لە ساڵی٢٠٠٦ نووسراوە.
٢- نوسەرانی كورد لە نوسینی ڕۆمان بۆ مێردمنداڵان پێوەرێكی یەكگرتوی چەسپاوی هەمەلایەنیان بەكارنەهێناوە، بەجۆرێك ڕۆمان هەیە قەبارەكەی ٥٠ لاپەڕەیە، هەشیانە قەبارەكەی ٢٠٠ لاپەڕەیە.
٣- لەنێو نوسەرانی ئەم ژانرەدا جیاوازی ڕەگەزی بەرچاودەكەوێت، بەشێوەیەك سێ بەرامبەر و بگرە زیاتریش لە ڕەگەزی نێرن، بەڵام لەناو ڕۆمانەكاندا جیاوازییەكی ئەوتۆی ڕەگەزی نابینرێت، كارەكتەر و كەسایەتییەكان لە هەردو ڕەگەز ئەرك ورۆڵیان پێ دراوە.
٤- لە ڕوی زمانەوە هەوڵ دراوە، كە ڕۆمانەكان زمانێكی كوردی پاراوییان هەبێت، كە مێردمنداڵی كورد بە ئاسانی تێیبگات و لە ڕێگەی وشە و زاراوە جیاوازەكانەوە فەرهەنگی زمانیان دەوڵەمەندبكات.
٥- نوسەران لەڕێگەی گرنگیدان بە كۆمەڵێك تایبەتمەندی لەڕوی تونخم و تەكنیك و ناوەڕۆكەوە سەرنجی مێردمنداڵانیان بە لای ڕۆمانەكاندا ڕاكێشاوە، ئاوڕیان لە لایەنی دەرونی و خەیاڵی مێردمنداڵان داوەتەوە، تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگەی كوردی و ئەم قۆناغەی تەمەنیان لەبەرچاو گرتووە، لەم ڕێگەیەشەوە بابەت و پەیامی ڕۆمانەكان كاریگەرتر دەركەوتون.

## سەرچاوەكان


باجەلان، رۆستەم(٢٠٠٤). دەریای منداڵ، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیری/هەولێر.

حسێن، عطا رشید و عەزیز، بێستوون عارف(٢٠٢١). سیما و خەسڵەتی كارەكتەر لە بونیادی دەقی مۆنۆدرامای(قەفەز)ی (عەبدوڵڵا سەراج)دا، گۆڤاری دەستەی كوردستانیی بۆ لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارە(١١).

حسین، هێرۆ عبداللە(٢٠٢٣). كاریگەریی چیرۆك لە گەشەپێدانی بەها ئاكارییەكان لای منداڵانی باخچە، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سلێمانی.

حسەینی، سەید مەهدی و مێهرەبان، ئارش(٢٠٢٢). ئەزمونی دارشتنەنەوەی فۆلكلۆر بۆ چیرۆكی منداڵان: لێكۆڵینەوەی پێوەرەكان، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ، بەرگی ١٠، ژمارە ٢ .

حەسەن، محەمەد فەریق(٢٠١٦). ئەوسا و ئێستای چیرۆكی منداڵان، چاپی یەكەم، چاپخانەی تاران، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی.

حەمە،ئەڤین ئاسۆس و خدر،عوسمان حەمەد(٢٠٢٣). تەكنیك و ڕەگەزەكانی دراما لە شیعرەكانی( شێركۆ بێكەس)دا، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە ٥٧ .

ڕەشید، سابیر(٢٠١٩). دڵشاد مەریوانی نوێكاری چیرۆكی كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی تاران،؟.

رەئووف، لوقمان(٢٠١٧). سیمیۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێركۆ بێكەسدا: دیوانی ڕەنگدان بە نموونە، گۆڤاری زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی ٣، ژمارە ٣ .

سابیر، ئاكۆ محەممەد (٢٠٢٤). زێبرایەک لە دارستانەكانی سویددا، ڕۆمان، چاپی یەكەم، چاپەمەنی ڕێگا، بانە.

سلێوە، هاوژین و خامۆش،ڕۆستەم(٢٠٢٢). ئەدەب و هونەری منداڵان، چاپی یەكەم، سەنتەری لێكۆڵینەوەی پەخشی كۆیە(٤)، كۆیە.

شافعی زادە، جەبار(٢٠٢٤). من كازیوەم سپیدەنیم، چاپی یەكەم، چاپەمەنی ڕێگا، بانە.

صالح، دیمەن عبداللە (٢٠٢٢). شێوازەكانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی( داگیركردنی تاریكی )ی بەختیار عەلیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، بەشی زمانی كوردی، زانكۆی سلێمانی.

صبری، رازاو ڕەشید(٢٠١٠). چیرۆكی منداڵان لە ئەدەبی كوردیدا١٩٩١-٢٠٠٥، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

عارف، ئاشتی حسین(٢٠٢٣). كارەكتەرسازیی لە ڕۆمانی(شەوانی ئادەم)ی (بەیان سەلمان)دا، تێزی دكتۆرا، بەشی زمانی كوردی، زانكۆی سلێمانی.

عزیز، ڕەنجدەر ازاد(٢٠١٩). هەنگاوەكانی نوسینی ئەدەبی منداڵان كازم كۆیی بە نمونە، گۆڤاری زانكۆی كۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان، بەرگی ٢، ژمارە ٢. https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp9-21

عزیز، ژوان عبدالسلام(٢٠٢٣). تەكنیكی دیالۆگ لەڕۆمانی (ئاگری بن كا)ی سەعید ناكامدا، جامعة بغداد، گۆڤاری كۆلێژی زمانەكان، ژمارە ٤٨ .

علی، ئارام عمر(٢٠٢٣). ڕەگەزەكانی دراما لە شیعری نوێی كوردیدا(١٩٢٠-١٩٧٠)، تێزی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

عوسمان،سالار و عومەر، پەیمان محەمەد(٢٠٢٢). ئێستاتیكای شوێن لە ستراتا فۆلكلۆری

کوردیدا( ستارانا تیلی ) وەک نموونە، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، ژمارە ٢ .

عومەر، عەونی ئەمین(٢٠١٥). بنیاتی کارەکتەر لەدوو رۆمانی (فەرهاد پیربال)دا بەنموونەی (مولازم تەحسین و شتی تریش) و (هۆتێل ئەوروپا)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

فەتاح، کاروان محەمەد(٢٠٢٢). کارەکتەر لەرۆمانی( ئەو هاوڕێیەی منداڵیم بیبینمەوە؟)ی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرمۆ، چەمچەماڵ.

فەرەج، سنور قادر(٢٠١٢). تەکنیک لە کۆمەڵە چیرۆکی(( گوڵی رەش))ی شێرزاد حەسەن دا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

قادر، شۆخان رمضان(٢٠٢٣). بنیاتی هونەری داستانە شیعری سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرینی خانای قوبادی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

کاکەسوور، کاروان عومەر(٢٠١٥). ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی رەش، چاپی یەکەم، ناوەندی غەوەلنووس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپخانەی تاران.

مستەفا، کەمال سەعدی(٢٠٢٤). رۆمان و نهێنییەکانی رۆماننووسین، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

مەجید، دیار فایەق و مەجید، سالار فایەق(٢٠١٧). بونیادی زمان لە گێرانەوەی مەرگەساتی ئەنفال لەرۆمانی (هێلانە)ی (حسێن عارف)دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول ٤، Genocid Conference، ژمارەیەکی تایبەتە بەیەکەم کۆنفرانسی زانکۆی گەرمیان.

مەجید، سەرباز(٢٠١٩). سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی(نەوزاد رەفعەت)دا، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

مەلای رەش، عەزیز(١٩٨٩). گورگ و بزن، مدیریة مطبعة والشباب، أربیل.

مەنتک، حەمە(٢٠٢١). ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی رۆمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

مەنمی، فەوزیە صالح(٢٠٢٣). بەرنامەکەی شەمێران، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

مەنمی، فەوزیە سالح(٢٠٢٣). نهێنی ئەشکەوتی کونەبا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

نیساری،سەلاح(٢٠٢٣)،کۆلارەکانی سپی سەنگ، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ئامیار، سنە.

نەدار، سۆران (٢٠١٣). ڕەنگەکانی ژیان، دیوانە شیعری منداڵان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کوردستان، ؟.

ئیبراهیم،پەیام(٢٠٢٣). نازیلیی مانگ و شازادەی خۆر، چاپی یەکەم، ؟،سلێمانی.

ئەحمەد، کەیفی(٢٠١٥). بنیاتی وەسف لە رۆمانی (هێلانە)دا، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژمارە ٥ .

ئەحمەد، کەیفی(٢٠٢١). ئەدەب و چیرۆکی منداڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

ئەلوەنی، نەجم(٢٠١١). لێکۆڵینەوەی رەخنەیی شیکاری لەبارەی رۆمانی کوردییەوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

صرفی،حسین(١٣٩٠). تعریف رمان نوجوان، آینەی صدا، ١/٢٨.

42 http://ayeneyeseda.blogfa.com/post/

حەمە رەشید، عەلی(٢٠٢٣). رۆمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) و چەند سەرنجێک،سایتی دەنگەکان، ٧ی شوبات.

40356https://dengekan.info/archives/

محەمەد، ئەمین(٢٠٢٤). خوێندنەوەیەک بۆ رۆمانی ئەفسانەی کەلی ناوگردان، سایتی گەلی کوردستان،٣/٢٢.

430xjawF2&fbclid=IwY156459https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=H-87f8bWKxvILgAAXHs7hI2nFBquF8ZV44sBHeRyZKAQ&sfnsn=mo9aNagnM-nF9KTGOv

شوان، رەزا (٢٠٢٣). پەیام ئیبراهیم و رۆمانی نازیلیی مانگ و شازادەی خۆر، کوردیپێدیا، ٢/١٠ .

&lng=20230210215815465683https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=01

شافعی زادە، جەبار(٢٠٢٤). رۆمانی من کازیوەم سپیدە نیم، ماڵپەری چراوۆک.

195https://chrawok.com/ku/post/

خامۆش، رۆستەم(٢٠٢٤). ئەمین محەمەد: ملوانکەی ئەفسوناوی دەقێکی فەنتازییە، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٩١٣٠)،٣/١٤. https://knwe.org/KU/Details/. 16357

صیاد، جمیلة (٢٠٢٢). الخیال العلمي في أدب الطفل قصة(( الوحش الرهیب )) لعبد الله عوض أنموذجا، رسالة الماجستیر، جامعة مولود معمري – تیزي وزو، کلیة الاداب و اللغات، قسم اللغة العربیة و آدابها .

زوابیة، إیمان(٢٠١٩). تقنیات و أسالیب بناء الزمن في روایة((مروان)) ((لبن یحیی محمد سفیان))، رسالة الماجستیر، جامعة 8 ماي 1945 قالمة، کلیة الآداب واللغات، قسم اللغة والأدب العربي .

السعدون، نبهان حسون(٢٠١٣). الوصف في روایة قصر علی النیل الثوت أباظة، مجلة أبحاث کلیة التربیة الأساسیة، المجلد ١٢، العدد ٣.

## پەراوێزەکان:

(*١) لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە ئەم مێژووە راست بکرێتەوە و دەست پێشخەریەکان لە نوسین لەم بوارەدا بگەڕێنینەوە بۆ خاوەنەکانیان، بۆ سەلماندنی ئەمەش بەڵگەی پێویست خراوەتەرو.

(*٢) نوسینی یەکەمین رۆمانێک لەم بوارەدا، کە لەلایەن ئافرەتانەوە نوسرابێت، دەگەرێتەوە بۆ(گەلاوێژخان)؛ بۆیە لە توێژینەوەکەماندا هەوڵمان داوە ئەم مێژووە راست بکەینەوە و دەست پێشخەریەکان لە نوسین لەم بوارەدا بگەڕێنینەوە بۆ خاوەنەکانیان، بۆ سەلماندنی ئەمەش بەڵگەی پێویستمان خستۆتە رو.

(*٣) رۆمانی دەریای منداڵ سەرەتا لە سێ ژمارەی گۆڤاری راماندا لە ساڵی (١٩٩٦)بەشێوەی ئەڵقە ئەڵقەی زنجیرەیی بڵاوکراوەتەوە، ئەوانیش بریتین لە ژمارەکانی( ٣، ٤، ٥ )، بەشی یەکەمی ئەم رۆمانە لە ژمارە (٣)دا لە لاپەرە (٦٢-٦٦) بڵاوکراوەتەوە. بەشی دووەمی لەژمارە (٤)دا لەلاپەرە (٨٦-٩٠)بڵاوکراوەتەوە. بەشی سێیەمی لە ژمارە (٥)دا لەلاپەرە (٦٩-٧٤) بڵاوکراوەتەوە.

(*٤) لە ئێستادا وابریارە جارێکی تر ئەم بەرهەمە چاپ بکرێتەوە و لەسەری بنوسرێت رۆمان بۆ مێرمنداڵان، بەهاوکاری رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان و بە دیزاینێکی سەردەمیانە و بەسەرپەرشتی ئەمین محەمەد دوبارە چاپ دەکرێتەوە و بەم زوانە دەخرێتە بەر دیدەی خوێنەران.

/41FSG7xWkvniLBg2https://www.facebook.com/share/p/

(* ٥) خاتوو ( فەوزییە صالح مەنمی )، لە ساڵی ٢٠١٦یەکەم بەرهەمی لەم بوارەدا بڵاوکردۆتەوە بەناوی ( بەرنامەکەی شەمێران ) لە چاپی یەکەمیدا نوسەر لەسەری

نوسیووه (چیرۆک)، بەڵام دواتر کە لەساڵی ٢٠٢٣ بۆ جاری دووەم چاپی کردوەتەوە، دەسکارییەکی زۆرکەمی کردووە و لەسەر بەرگەکەی نوسیویەتی ڕۆمان بۆ مێردمنداڵان.

(*٦) ئەم ڕۆمانە لەهەمان ساڵی بڵاوکردنەوەی دا لەلایەن نوسەر (د. جلیل ابراهیم الزهيري )یەوە، لە کوردیەوە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی بەناوی ( حقيبة آرو ).

(*٧ ) (( ڕۆمانی من کازیوەم سپیدە نیم کە یەکەمین ڕۆمانی دو زمانەی (کوردی – فارسی) مێرمنداڵانە، باس لەو سیستەمە پەروەردە فەرمییەی دەکات کە قوتابییەکان بەشێوازی تاکە زمانی ڕادەهێنێت و بە جەخت کردن لەسەر زمانی فەرمی، ئاوڕێکی ئەوتۆ لە زمانی دایکی ئەوان نادات و دەیخاتە پەراوێزەوە )) (ماڵپەڕی چراووک:٢٠٢٤).

195https://chrawok.com/ku/post/

(*٨) خاتو( فەوزیە ساڵح مەنمی )، هەردو ڕۆمانەکەی بە (pdf)بۆ ناردوم، ژمارەی سپاردنیان پێدراوە و وابڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا لەلایەن چاپخانەی چوارچراوە چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

Kurdish Teenagers Novel;
It is a Historical, Descriptive, and Practical Study

**ABSTRACT**

The novel has remained as a high literary genre since its inception, but it has changed in the course of its development, both in terms of technique and style of writing, as well as in terms of content. Therefore, these changes shape the types and styles of novels in accordance with the times. So, we see the Teenagers Novel as a genre of children's literature, which is the product of the field of this genre and its development. Novels that are written for teenagers have their own values and characteristics; they should be in accordance with the characteristics of the teenagers` age because they can direct them by presenting interesting topics and ideas. In addition, novels create an educational impact on teenagers and give them pleasure. The style and language used in these novels can expand the imagination and develop creative thinking and often include events and characters from which teenagers learn positive values, highlighting issues that suit their interests and level of understanding. Writing on any literary topic actually has a specific purpose or goal. Novels, as one of the most significant genres of children's literature, contain many different educational, ethical, and high psychological values, along with social ones, that the novelist wants to convey to teenagers and guide them towards a better future. This genre has a great impact on teenagers and can create spiritual changes in them, changing the course of their lives towards a positive path and a better future.

KEYWORDS**:** Children's literature, Novel, Teenager, Education, Technique .

رواية مراهقي الكورد؛ دراسة (تاريخية وصفية عملية)

**الملخص**

لقد بقيت الرواية منذ نشأتها و حتى الفترة الادبية الحديثة كنوع أدبي رفيع، ولكنها تتغير بشكل مستمر في تيار تطورها، تشمل الجوانب التقنية وأسلوب الكتابة، كذلك المضمون والموضوعات التي تحويها. ولهذا السبب، تختلف أنواع وأشكال الرواية من حقبة إلى أخرى، متأثرة بدرجات متفاوتة بهذه التغيرات. ومن هنا: تُعد رواية المراهقي، بوصفها نوع من أدب الأطفال: إنتاجًا غنيًا يُسهم في نمو هذا المجال الأدبي. الروايات المكتوبة للمراهقي تمتاز بأسس وخصائص فريدة، ينبغي أن تتوافق مع السمات المميزة للمرحلة العمرية المستهدفة؛ لأنها موجهة خصيصًا لهذه الفئة: من خلال تقديم موضوعات وأفكار جذابة وفعّالة تربويًا، تُثري خيالهم وتُنمّي التفكير الإبداعي لديهم، مع توفير المتعة والسعادة. كما أن الأسلوب واللغة المستخدمين فيها يعززان الخيال ويُحفزان التفكير الابتكاري. غالبًا: ما تتضمن هذه الروايات أحداثًا وشخصيات متنوعة تتيح للمراهقي تعلم القيم الأخلاقية الإيجابية. كما تسلط الضوء على القضايا التي تتماشى مع اهتماماتهم ومستوى إدراكهم. ان كتابه اى مقال ادبى له غرض وهدف محدد، فتعتبر الرواية من أهم أنواع أدب الأطفال لما تحتويه من قيم تربوية جميلة وأخلاقية عالية ونفسية واجتماعية مختلفة وغيرها. وتريد الروائية أن تنقل إلى مراهقيها وأن ترشدهم من خلال هذه الرسائل نحو مستقبل أفضل وأكثر إشراقاً لأن هذا النوع له تأثير كبير على المراهقين ويمكن أن يسبب تغيرات روحية و سلوكية فيهم و تغيير مسار حياتهم في اتجاه إيجابي ومستقبل أفضل.

**الكلمات المفتاحية:** أدب الأطفال، رواية، مراهق، تربية، تقنية .